یاساکان بە سەلامەتی دەمانپارێزن
با ئێمە ئێوە بپارێزین

چاپی دووەم
2026

# ڕێبەرێک بۆ یاسای سکۆتلەندی

پڕۆژەیەکی هاوبەش لەگەڵ خوێندکارانی خزمەتگوزارییە یاساییەکانی HNDی کۆلێژی نوێی لانارکشایەر، Fearless (Crimestoppers)، ئەنجومەنی پەنابەرانی سکۆتلەندی، حکومەتی سکۆتلەندی و پۆلیسی سکۆتلەندا.

## سوپاس و پێزانین

بڵاوکردنەوەی ئەم نامیلکەیە بەبێ بەشداری و یارمەتی ئەمانەی خوارەوە ئەنجام نەدەدرا:
کۆلێژی نوێی لانارکشایەر
حکومەتی سکۆتلەند
خزمەتگوزاری پۆلیسی سکۆتلەند
ڕیفیوجی کاونسڵی سکۆتلەندی
Fearless (فیەرلێس) (بەشێکن لە Crimestoppers (کرایم ستۆپەرز)

**سوپاسی تایبەت بۆ:**
بەڕێز لۆرد مولهۆلاند K.C ،C.B.E.، سیناتۆری کۆلێژی دادوەری.

خوێندکارانی خزمەتگوزارییە یاساییەکان HND:

- سامانثا مەککەیگ
- تامارا سانچێز فێرناندێز
- ماکسیمیلیان مەککۆرمیک

**بەخێرهاتنتان دەکەین بۆ وڵاتەکەمان و هیوای باشترینتان بۆ دەخوازین لە ژیانی نوێتاندا لە سکۆتلەندا.**

**پێشەکی**

"کاتێک ئەفسەری یاسا بووم، لەگەڵ خوێندکارانی یاسای کۆلێژی نوێی لانارکشایەر کارم دەکرد." یەکێک لەو پرۆژانەی کاری تێدا دەکەین، نامیلکەیەک بوو کە یاسای سکۆتلەندای بە شێوەیەکی سادە ڕوون دەکردەوە بۆ ئەوەی بتوانرێت وەربگێڕدرێتە سەر چەندین زمان بۆ سوودی پەناخوازان و پەنابەران. ئەم دەستپێشخەرییە لەلایەن ئەنجومەنی پەنابەرانی سکۆتلەندی، پۆلیس، نووسینگەی تاجی شاهانە و خزمەتگوزاری داواکاری گشتی و حکومەتی سکۆتلەندییەوە پشتیوانی کرا. ئەوەی کە دەستپێشخەرییەکی زۆر گرنگ بوو، لە ئامادەبوونی وەزیری یەکەمدا لە کۆنفرانسێکدا لە هامپدن پارک، گلاسکۆ، ڕەنگی دایەوە کاتێک لە وتارەکەیدا ئاماژەی پێکرد.

من دەزانم کە ئەو خوێندکارانەی یەکەم وەشانیان بەرهەمهێنا زۆر بە سەختی کاریان کرد بۆ بەرهەمهێنانی نامیلکەیەکی پلە یەک، ئاسان بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن و بێگومان لە ڕووی یاساییەوە دروست. زۆر پێزانینی بۆ دەربڕدرا و لەلایەن پەنابەران خۆیانەوە بەکارهێنرا. مامۆستاکانیان، ئێلینۆر و کیاران، دڵ و گیانیان خستە ناو نامیلکەکەوە و لەگەڵ خوێندکارانی یاسادا کاریان کرد. هەردووکیان لەو کاتەوە کۆچی دواییان کردووە و زۆر بیریان دەکرێت.

یاسا بێگومان دەگۆڕێت و بەردەوام نوێ دەکرێتەوە و زیاد دەکرێت، هەر بۆیە چاپی دووەمی نامیلکەکە زۆر پێویستە. نوێترین نامیلکە کە لەلایەن خوێندکارانی یاساوە بەرهەمهێنراوە، یاساکە بەگوێرەی دوا گۆڕانکارییەکان نوێ دەکاتەوە و بابەتەکانی ناو وەشانی یەکەم فراوانتر دەکات. من شانازییان پێوە دەکەم بۆ کارەکەیان بۆ یارمەتیدانی کەسانی کەم دەرامەت، ئەو کەسانەی کە لە ژیانیاندا پێویستیان بە یارمەتییە لە کاتێکدا کە زۆرترین پێویستیان پێیەتی.

نامیلکەکە ڕێزگرتنێکە لە کارە پێشەنگانەکەی کە ئێلینۆر و کیاران هەردووکیان لە بەرهەمهێنانی یەکەم نامیلکەدا کردیان. من پشتگیری و پێشنیاری بەکارهێنانی دەکەم.

**بەڕێز لۆرد مولهۆلاند K.C ،.C.B.E، سیناتۆری کۆلێژی دادوەری**

# ناوەرۆک


**خێزان ... 7**
ژنوژنخوازی و هاوسەرگیری سیڤیڵ ... 7
تەڵاق ... 7
بەرپرسیارێتییەکانی دایکوباوکایەتی ... 8
ئاکاری خراپی ناوماڵ ... 9
شوێنکەوتن و چاودێریکردن ... 10
دووگیانی و لەباربردن ... 10
توندوتیژی لەسەر بنەمای شەرەف ... 11
شێواندنی ئەندامی زاووزێی مێینە (خەتەنەکردن) (FGM) ... 11

**خانوبەرە ... 12**
بەکرێگرتن ... 12
دەرکردن ... 12
پشتگیری دەسەڵاتی خۆجێیی ... 13
تەندروستی دەروونی ... 15
لەدایکبوون، مردن، هاوسەرگیری ... 15

**یاسا لە ماڵەوە ... 16**
ئەلکهول ... 16
جگەرەکێشان و کێشانی قەیپ ... 16
مۆڵەتی تەلەفیزیۆن ... 16

**پارە قەرزکردن ... 18**

**یاسا لەسەر شەقام ... 19**
هەڵسوکەوتی دژە کۆمەڵ ... 19
پاراستنی کۆمەڵگە - پاراستنی ئارامی ... 19
زبڵ فڕێدان - پاک ڕاگرتنی شەقامەکان ... 19
بێڕەوشتی گشتی ... 19
ڕاوەستان و پشکنین ... 20
بەکارهێنانی شۆستەکان ... 20

**یاساکانی شۆفێری ... 21**
کێ دەتوانێت شۆفێری بکات؟ ... 21
مۆڵەتی شۆفێرییەکەت ... 21

بەڵگەنامەکانی ئۆتۆمبێل ........ 22

**یاساکانی سەلامەتی لەسەر ڕێگاوبان ........ 23**
یاسای شۆفێری لەژێر کاریگەری ئەلکهولدا ........ 24

**سەرپێچییەکانی هاتوچۆی ڕێگاوبان لە سکۆتلەندا ........ 26**

**پاسکیلی کارەبایی و سکوتەری کارەبایی ........ 27**

**یاسا لە شوێنی کار ........ 29**
مافەکانت ........ 29

دەرکردن ........ 29

تەندروستی و سەلامەتی ........ 30

یەکسانی و جیاکارییەکان ........ 30

گرێبەستەکانی کارکردن ........ 30

**قوربانیانی تاوان ........ 31**
مافەکانت وەک قوربانییەک ........ 31

**تفەنگ (چەکی ئاگرین) ........ 33**

**تەمەنی بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە سکۆتلەندا ........ 34**

**سەرپێچییە یاساییە سێکسییەکان ........ 35**
لاقەکردن ........ 35

دەستدرێژی سێکسی ........ 35

ناچارکردنی سێکسی ........ 35

سەرپێچییە یاساییەکان لەدژی منداڵ ........ 35

مامەڵەی خراپی سێکسی لەسەر بنەمای وێنە ........ 35

چاودێریکردنی نهێنی و پەیوەندی نەشیاو ........ 35

زەوتکردنی سێکسی ........ 36

**تاوانی ڕق و کینە ........ 40**
دەرمان و مادەی هۆشبەر ........ 42

سپیکردنەوەی پارە ........ 42

تاوانی ئەلیکترۆنی ........ 43

**یاساکانی پەیوەست بە ئاژەڵ ........ 44**

**کاربەدەستانی یاسا ........ 46**
فەرمانبەری پۆلیس ........ 46

فەرمانبەری کۆچ ........................................................................................................ 47

**ئێستا پێویستت بە یارمەتییە؟ ........................................................................................ 48**

# خێزان

## ژنوژنخوازی و هاوسەرگیری سیڤیڵ

هەرکەسێک تەمەنی لە سەرووی 16 ساڵەوە بێت دەتوانێت هاوسەرگیری بکات یان بچێتە ناو هاوبەشییەکی مەدەنییەوە. ئەمە جووتەی ڕەگەز جیاواز و هەمان ڕەگەزەکانیش دەگرێتەوە.

نایاساییە کە لە هەمان کاتدا هاوسەرگیری لەگەڵ زیاتر لە یەک کەسدا بکرێت.

ڕێکخستنی هاوسەرگیری زۆرەملێ نایاساییە؛ خەڵک لە سکۆتلەندا بە ویستی ئازادی خۆیان دەچنە ناو هاوسەرگیرییەوە، لەگەڵ ئەو کەسەی کە هەڵیدەبژێرن و هەموو هاوسەرگیرییەکان دەبێت تۆمار بکرێن، کە هاوسەرگیرییە ئایینییەکانیش دەگرێتەوە.

نابێت هاوسەرگیری زۆرەملێ لەگەڵ هاوسەرگیری ڕێکخراودا تێکەڵ بکرێت. لە هاوسەرگیری ڕێکخراودا، لە کاتێکدا خێزانەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە هەڵبژاردنی هاوبەشی هاوسەرگیریدا، هاوسەرگیرییەکە بە ڕەزامەندی هەردوو لایەن ئەنجام دەدرێت.

لە هاوسەرگیری زۆرەملێدا، یەکێک یان هەردوو هاوسەرەکە ڕازی نین بە هاوسەرگیرییەکە، یان ڕەزامەندی لە ژێر فشاردا وەردەگیرێت. تەمەن دەتوانێت هۆکارێک بێت، و هەندێک هاوسەرگیری زۆرەملێ منداڵان و گەنجان دەگرێتەوە.

## تەڵاق

ئەگەر چیتر ناتەوێت لە پەیوەنیدا هاوسەرگیریدا بمێنیتەوە، دەتوانیت لە ژێر هەندێک بارودۆخدا تەڵاق وەربگریت. ئەم بارودۆخانە ناپاکی ژنومێردایەتی، ڕەفتاری ناڕەوا یان ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە جیا ژیابن دەگرێتەوە.

ئەگەر منداڵتان هەبێت، ئەوا دەبێت پێش تەڵاق لەسەر ڕێوشوێنەکانی دیدەنی منداڵەکان بۆ دایکوباوکەکە هەردوکیان ڕێک بکەون. تکایە داوای ڕاوێژی یاسایی بکە بۆ یارمەتیدان لەم بابەتانەدا.

**بەرپرسیارێتییەکانی دایکوباوکایەتی**

بەپێی یاسای سکۆتلەندی، مافی منداڵان پارێزراوە. ئەمانە هەموو ئەو شتانەن کە منداڵان بە تەندروستی، دڵخۆشی و سەلامەتی دەهێڵنەوە و هی هەموو منداڵانن تا تەمەنی 18 ساڵی. مافەکانی منداڵان لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی منداڵ (UNCRC)دا هاتووە. وەک دایک و باوک، دەبێت ڕێز لە مافەکانیان بگریت و بەرپرسیار بیت لە تەندروستی، سەلامەتی و پەروەردەی منداڵەکەت. نابێت منداڵێک بە تەنها یان بەبێ چاودێری بۆ ماوەیەک بەجێبهێڵرێت کە ئەگەری هەیە ببێتە هۆی ئازار یان زیانی ناپێویست و بەهۆی ئەوەی هەموو منداڵان بە شێوازی خۆیان گەشە دەکەن، ئەمە پشت بە توانای گەشەکردنیان دەبەستێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەر بارودۆخێکی فریاگوزاری کە لەوانەیە ڕووبدات. نابێت منداڵانی زۆر بچووک لە هیچ کاتێکدا بە تەنها بەجێبهێڵرێن.

منداڵان لە سکۆتلەندا هەمان مافی گەورەکانیان هەیە سەبارەت بە دەستدرێژی - ئەمە مانای ئەوەیە کە لە سکۆتلەندا نایاسایییە لە منداڵەکەت بدەیت، تەنانەت ئەگەر هیچ نیشانە یان برینێکیش بەجێنەهێڵێت. ئەمە لێدان، شەق تێهەڵدان، پاڵنان یان هەر شێوەیەکی تری هێرشی جەستەیی و هەروەها بەکارهێنانی شتومەک یان هۆکاری شەڕکردن، یان هەڕەشەکردن بە ئەنجامدانی، بۆ دروستکردنی ترس یان دڵەڕاوکێ دەگرێتەوە. لێدانی منداڵ هەم لە ڕووی جەستەیی و هەم لە ڕووی دەروونییەوە زیانبەخشە و لە ماوەی کورت و دواتریش لە ژیاندا کاریگەری لەسەر دەبێت.

وەک دایک و باوک، تۆ لە ڕووی یاساییەوە بەرپرسیاریت لە دڵنیابوونەوە لەوەی کە منداڵەکەت پەروەردە دەکرێت، یان بە ناردنی منداڵەکە بۆ قوتابخانە یان بە ڕێگەی تر (وەک خوێندنی ماڵەوە). کاتێک منداڵەکەت لە قوتابخانە ناونووس دەکەیت، یاسا دەڵێت منداڵەکە دەبێت ئامادەی قوتابخانە بێت مەگەر مۆڵەتت لە دەسەڵاتی پەروەردەوە هەبێت بۆ کشانەوەی منداڵەکەت. ئەگەر منداڵێک بەبێ بیانوویەکی گونجاو ئامادە نەبێت، لەوانەیە دایک و باوک ڕووبەڕووی ڕێکاری یاسایی ببنەوە، لەوانەش دادگاییکردن.

زانیاری زیاتر لێرەدا بەردەستە:

[School attendance: a guide for parents - gov.scot]

## ئاکاری خراپی ناوماڵ

مامەڵەی خراپی ناوماڵ بریتییە لەوەی کە کەسێک، کە هاوسەر یان هاوسەری پێشووی کەسێکی ترە، زیانی جەستەیی، دەروونی، سێکسی یان سۆزداری پێدەگەیەنێت. ئەمە بۆی هەیە هاوسەری هەمان ڕەگەز یان ڕەگەزی جیاواز بێت و دەکرێت لە نێرەوە بۆ مێ بێت یان لە مێوە بۆ نێر؛ پێویست ناکات لە هەمان ماڵدا بژین بۆ ئەوەی ئەزموونی بکەن.

مامەڵەی خراپی ناوماڵ دەکرێت ئەمانە بگرێتەوە:

- هەڕەشە لێکردن
- ناو و ناتۆرە لێنان
- کۆنترۆڵکردنی ئەوەی چی دەکەیت، بۆ کوێ دەچیت و لەگەڵ کێ قسە دەکەیت
- ئاکاری خراپی دارایی
- هەڕەشەکردن لە منداڵەکانت یان ئاژەڵی ماڵی
- ڕێگەنەدان بە بینینی هاوڕێ و خێزان و خزم و کەسوکارت
- تۆمەتبارکردنت بە ناپاکی (خیانەت)
- هەڕەشەکردن بە ئاشکراکردنی ئارەزووی سێکسیت
- هاوبەشکردن - یان هەڕەشەکردن بە هاوبەشکردنی - وێنەی تایبەتی تۆ لەگەڵ خێزان، هاوڕێیان یان هاوەڵانی کار
- لێدان، شەق تێهەڵدان، مست لێدان، یان لێدان بە شتومەک یان هەڵدانی شتومەک یان هۆکاری شەڕکردن بەرەوڕووت
- لاقەکردن، ناچارکردن بە ئەنجامدانی کردەوەی سێکسی

پۆلیس هەموو ڕاپۆرتدانەکانی مامەڵەی خراپی ناوماڵ بە جدی وەردەگرێت. یاسای توندوتیژی خێزانی (سکۆتلەندا) 2018 بۆ پاراستنی سەلامەتی و خۆشگوزەرانی قوربانی و خێزانەکەی دانراوە. ڕێگە بە کەسێک نادرێت بە هیچ شێوەیەک هاوبەشەکەی کۆنترۆڵ بکات، جا ئەوە سۆزداری، جەستەیی، سێکسی یان دارایی بێت و زیندانیکردنیان لەناو ماڵدا دەگرێتەوە. گرنگە بگوترێت کە هەموو ئەو کەسانەی لە سکۆتلەندا نیشتەجێن ئیرادەی ئازادیان هەیە، و ئەگەر دەرکەوت کەسێک ئەم ئیرادە ئازادە کۆنترۆڵ دەکات، ئەوا ئەمە بە سەرپێچی یاسایی تاوانکارانە دادەنرێت. هەموو خەڵک، بەبێ گوێدانە ڕەگەز یان جێندەر، مافی ئەوەیان هەیە پارەی خۆیان بەدەست بهێنن و بە ئاشتی و دوور لە ترس بژین. ئەم یاسایە هەموو جێندەر و ناسنامە سێکسییەکان دەپارێزێت و کۆمەڵگەی LGBTQI+ دەگرێتەوە.

کەسێک کە بەرپرسیار بێت لە ئەنجامدانی توندوتیژی خێزانی لەوانەیە لە زینداندا ڕابگیرێت و لە دادگا دادگایی بکرێت. حاڵەتە جددییەکان دەتوانن ببنە هۆی سزای زیندانیکردن.

## شوێنکەوتن و چاودێریکردن

دوو یان زیاتر ڕەفتار کە ئاراستەی قوربانییەک کرابێت و ببێتە هۆی، مەبەستی ئەوە بێت ببێتە هۆی، یان کاتێک ڕەفتاری ئەنجامدەرەکە بێباکانە بێت سەبارەت بەوەی کە ئایا دەبێتە هۆی ئەوەی قوربانییەکە تووشی ترس و دڵەڕاوکێ ببێت.

هەڵسوکەوتی شوێنکەوتن و چاودێریکردن ئەمانە دەگرێتەوە:

- شوێنکەوتنی کەسێک
- پەیوەندیکردن یان هەوڵدان بۆ پەیوەندیکردن بە کەسێکەوە بە هەر ڕێگەیەک بێت
- بڵاوکردنەوەی بابەت دەربارەی کەسێک بەبێ ڕەزامەندی خۆی
- چاودێریکردنی تەلەفون، ئینتەرنێت، ئیمەیڵ یان هەر شێوەیەکی تری پەیوەندی کەسێک
- خۆمەڵاسدان لە شوێنێکی گشتی یان تایبەتدا
- دەستێوەردان لە شتومەکی کەسێکدا
- بەجێهێشتنی دیاری یان تێبینی نەخوازراو بۆ کەسێک
- چاودێریکردن یان سیخوڕیکردن بەسەر کەسێکەوە

ئەگەر پێت وایە شوێنت دەکەون یان چاودێری دەکرێیت یان تووشی هەراسانکردن بوویت، تکایە ڕاپۆرتی بدە بە پۆلیسی سکۆتلەندا. دەتوانیت ئەمە لە بنکەی پۆلیسی ناوچەکەتدا ئەنجام بدەیت، بە تەلەفونکردن بۆ 101، ڕاپۆرتکردنی ئۆنلاین یان تەلەفونکردن بۆ 999 ئەگەر حاڵەتێکی فریاگوزاری بێت. دەتوانیت فۆڕمی ئۆنلاینی شوێنکەوتن و چاودێریکردنی بەردەوام بەکاربهێنیت بۆ ڕاپۆرتکردنی ڕووداوێکی شوێنکەوتن و چاودێریکردن کە لەناو سکۆتلەندادا ڕوویداوە. بەستەری فۆڕمی ئۆنلاین: www.scotland.police.uk/secureforms/c3

## دووگیانی و لەباربردن

زانیاری وردتر دەربارەی دووگیانی دەتوانرێت لە www.readysteadybaby.org.uk ببینرێتەوە، یان دەتوانیت پەیوەندی بە NHS بکەیت بە ژمارە 111 یان پەیوەندی بە نۆرینگەی پزیشکی نزیک خۆتەوە بکەیت یەکسەر دوای ئەوەی کە لەلای ئەوان ناوی خۆت تۆمار کرد.

لەباربردن لە سکۆتلەندا یاساییە؛ مافی کەسێکە کە هەڵبژێرێت و مافی بەسەر جەستەی خۆی و ئیرادەی ئازادیدا هەیە. یاساییە کە دووگیانییەک تا 24 هەفتە بە ڕەزامەندی 2 پزیشکی جیاواز کۆتایی پێبهێنرێت. لەباربردنەکان دەبێت لە نەخۆشخانەکان یان سەنتەرە پەسەندکراوەکاندا لە ژێر چاودێری NHSدا ئەنجام بدرێن.

ناتوانیت لەم وڵاتەدا دووگیانییەک کۆتایی پێبهێنیت بەبێ ڕاوێژکردن لەگەڵ پزیشکێکی تۆمارکراودا. NHS پابەندە بە نهێنی پارێزییەوە؛ بۆیە، کەس ئاگاداری هەڵبژێرەکانت نابێت.

## توندوتیژی لەسەر بنەمای شەرەف

توندوتیژی لەسەر بنەمای شەرەف زاراوەیەکە بۆ وەسفکردنی تاوانێک یان ڕووداوێک، کە ئەنجامدراوە، یان لەوانەیە ئەنجامدرابێت، بۆ پاراستن یان بەرگریکردن لە شەرەفی خێزان و/یان کۆمەڵگە. ئەوانەی 'تاوانەکانی شەرەف' ئەنجام دەدەن، ئەمە دەکەن چونکە پێیان وایە قوربانییەکە شەرمەزاری بۆ خێزان یان کۆمەڵگە هێناوە. پۆلیس هەموو ڕاپۆرتدانێکی ئەم جۆرە تاوانە زۆر بە جدی وەردەگرێت و لێکۆڵینەوەیەکی ورد ئەنجام دەدات. هەر کردەوەیەکی توندوتیژی بە شێوەیەکی گونجاو مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و لەوانەیە ڕووبەڕووی دادگاییکردن ببێتەوە.

## شێواندنی ئەندامی زاووزێی مێینە (خەتەنەکردن) (FGM)

خەتەنەکردنی مێینە ئاماژەیە بۆ ئەو ڕێکارانەی کە دەتوانن ئەندامە زاوزێیەکانی مێینە بگۆڕن یان زیانیان پێبگەیەنن بۆ هۆکاری ناپزیشکی. ئەمە زۆر زۆر ئازاربەخشە و بۆی هەیە ببێتە هۆی کێشەی تەندروستی جددی هەم لە کاتی ئەنجامدانی ڕێکارەکە و هەم دواتر لە ژیاندا. ئەمە لە بەریتانیا نایاساییە و نایاساییە کە ڕێوشوێنی بۆ دابنرێت بۆ ئەوەی لە دەرەوەی وڵات ئەنجام بدرێت.

ئەگەر تۆ مێینەیت و ئەم ڕێکارەت پێش هاتنە ناو سکۆتلەندا بۆ ئەنجامدراوە و دەبێتە هۆی ئازار و کێشە بۆت، تکایە ڕاوێژ بە پزیشکەکەت بکە، کە لەوێدا دەتوانرێت یارمەتیت بدرێت بەبێ ئەوەی کە سەرکۆنە بکرێیت.

# خانوبەرە

## بەکرێگرتن

دەشێت تۆ بڕیار بدەیت خۆت بەدوایماڵێکدا بگەڕێیت، کە لەوێدا کرێ دەدەیت. کاتێک ماڵێک دەدۆزیتەوە و دەست دەکەیت بە پێدانی کرێ، پێت دەوترێت 'کرێچی' و ئەو کەسە/کۆمەڵەیەی کە لێی بە کرێ دەگریت 'خاوەنموڵک'ەکەتە. لەگەڵ ئەمەدا چەندین مافی کرێچی دێت. یەکەم، زۆر باوە کە پێویستە پێشەکییەک بدەیت بە خاوەنموڵکەکەت. ئەمە بڕێک پارەیە کە تا کۆتاییهاتنی ماوەی کرێچێتییەکە هەڵدەگیرێت بۆ دابینکردنی پارەی هەر زیانێک/تێچووی چاککردنەوەیەک. پێشەکییەکەت دەبێت لەلایەن خاوەنموڵکەکەتەوە لە پلانی پێشەکی کرێچێتی (Tenancy Deposit Scheme) دابنرێت، کە پێشەکییەکەت دەپارێزێت تا کاتی گەڕاندنەوەی. خاوەنموڵکەکەت دەبێت ئەم زانیاریانەی خوارەوەت پێبدات سەبارەت بە پێشەکییەکەت:

- ناونیشانی ماڵە بەکرێگیراوەکە
- چەند پێشەکییان داوە و کەی وەرتگرتووە
- ئەو بەروارەی کە تۆ پارەکەت خستۆتە ناو پلانێکەوە
- ناو و زانیاری پەیوەندی پلانەکە
- کە تۆ وەک خاوەنموڵکێک تۆمارکراویت، یان داواکاریت پێشکەش کردووە بۆ تۆمارکردن
- کەی دەتەوێت هەندێک یان هەموو پێشەکییەکە لە کۆتایی ماوەی کرێچێتییەکەدا بهێڵیتەوە

ئەگەر ماوەی کرێچێتییەکەت کۆتایی پێبهێنیت، خاوەنموڵکەکەت دەبێت ئاگادارت بکاتەوە ئەگەر نیازی هەبێت هەندێک لە پێشەکییەکە بهێڵێتەوە. ئەگەر لەگەڵ ئەمەدا هاوڕا نەبوویت، هەوڵبدە لەگەڵ خاوەن ماڵەکەتدا دانوستان بکەیت؛ ئەگەر ئەمە سەرکەوتوو نەبوو، دەتوانیت ناکۆکییەک لەگەڵ ئەو پلانەدا دروست بکەیت کە خاوەن ماڵەکەت پێشەکییەکەی تێدا داناوە.

### دەرکردن

خاوەنموڵکەکەت ناتوانێت بەبێ هۆکار دەرت بکات. بۆ بەدەستهێنانی دەرکردن، خاوەنموڵکەکەت پێویستە لەسەری:

**ئاگادارییەکی جێهێشتنت پێبدات کە ئەم زانیاریانەی خوارەوەی تێدابێت:**

- کە دەبێت موڵکەکە بەجێبهێڵیت
- ئەو هۆکارەی کە داوات لێدەکرێت بەجێی بهێڵیت - پێی دەوترێت 'هۆکاری دەرکردن'
- چەند ماوەت پێدەدەن بۆ ئەوەی بڕۆیت - پێی دەوترێت 'ماوەی ئاگادارکردنەوە'

**ماوەی ئاگادارکردنەوەت پێبدات**

ئەو ماوەی ئاگادارکردنەوەیەی کە دەبێت وەریبگریت پشت بە هۆکاری دەرکردنەکە و ماوەی ژیانت لە موڵکەکەدا دەبەستێت. ئەوە یەکێک لەمانە دەبێت:

- 28 ڕۆژ (4 هەفتە)
- 84 ڕۆژ (12 هەفتە)

**خاوەنمولکەکەت دەبێت یەکێک لەم هۆکارانەی خوارەوە بەکاربهێنێت:**

1. خاوەنمولکەکەت نیازی فرۆشتنی ماڵەکەی هەیە
2. ماڵەکە لەلایەن قەرزدەری مۆرگێج (ڕەهن)ەوە دەفرۆشرێت
3. خاوەنمولکەکەت نیازی نۆژەنکردنەوەی ماڵەکەی هەیە
4. خاوەنمولکەکەت نیازی ژیانی هەیە لە ماڵەکەدا
5. ئەندامی خێزانی خاوەنمولکەکەت نیازی ژیانی هەیە لە ماڵەکەدا
6. خاوەنمولکەکەت نیازی بەکارهێنانی ماڵەکەی هەیە بۆ مەبەستی جیاواز لە نیشتەنی
7. ماڵەکە بۆ هۆکارێکی ئاینی پێویستە
8. تۆ چیتر کارمەندی خاوەنمولکەکەت نیت یان نەبوویت بە کارمەندی
9. تۆ هیچی دیکە پێویستیت بە شوێنی نیشتەجێبوونی پاڵپشتکراو نییە
10. تۆ هیچی دیکە لەناو ماڵەکەدا ناژیت
11. تۆ هەر مەرجێکی ڕێکەوتننامەی کرێچێتییەکەت پێشێل کردووە
12. تۆ بۆ ماوەی 3 مانگی یەک لە دوای یەک کرێی دواکەوتووت هەیە
13. تۆ سزایەکی تاوانکاری جێگەی سەرنجت هەیە
14. تۆ بەشداریت لە ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتی جێگەی سەرنجدا کردووە
15. تۆ کەسێکت هێناوەتە باو ماڵەکە کە سزایەکی تاوانکاری جێگەی سەرنجی لەسەرە یان بەشداری لە ڕەفتاری دژە کۆمەڵایەتی جێگەی سەرنجدا کردووە
16. تۆمارکردنی خاوەنمولکەکەت ڕەتکراوەتەوە یان هەڵوەشێنراوەتەوە
17. مۆڵەتی (HMO)ی خاوەنمولکەکەت هەڵوەشێنراوەتەوە یان نوێکردنەوەی ڕەتکراوەتەوە
18. ئاگادارییەکی یاسایی سەبارەت بە قەرەباڵغی زۆر دراوە بە خاوەنمولکەکەت

گرنگە بزانرێت کە ئەم هۆکارە تەنها لە هەندێک بارودۆخی دیاریکراودا دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، کە لەم شوێنەدا دەتوانرێت ببینرێتەوە: https://www.mygov.scot/tenant-eviction/private-residentialtenancy

## پشتگیری دەسەڵاتی خۆجێی

هەموو دەسەڵاتێکی خۆجێی دەتوانێت پشتگیریت بکات ئەگەر کێشەی دۆزینەوەی خانووبەرەت هەیە. سەرەتا دەبێت دڵنیابیتەوە کە پەیوەندی بە دەسەڵاتی گونجاوەوە دەکەیت. 'دەسەڵات' ئەنجومەنی ناوچەکەی خۆتە. بۆ نموونە، ئەگەر تۆ لە ئێدینبەرە بوویتایە، دەسەڵاتی خۆجێییەکەت 'ئەنجومەنی شاری ئێدینبەرە' دەبوو.

ئەگەر 'مافی مانەوە'ت پێببەخشرێت، دەستت بە پارە گشتییەکان دەگات. ئەمە ڕێگەت پێدەدات کە:

- داوای یارمەتییەکان بکەیت ئەگەر هیچ پارەیەکت نییە بۆ بژێوی ژیانت
- داوای یارمەتی بێ ماڵ و حاڵی بکەیت ئەگەر هیچ شوێنێکت نییە بۆ ژیان

دەتوانیت داواکارییەکی بێ ماڵ و حاڵی پێشکەش بکەیت بە چوون بۆ ئەنجومەنی خۆجێییەکەت یان پەیوەندیکردن پێیانەوە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، یان بە تەلەفون. ئەگەر لە کاتی لەناکاو پێویستت بە یارمەتی بێ ماڵ و حاڵی بوو، سەیری لاپەڕەی 'شێڵتەر سکۆتلاند' بکە سەبارەت بە یارمەتی بەپەلەی بێ ماڵ و حاڵی لەلایەن ئەنجومەنەوە. دوای ئەوەی داواکارییەکەی بێ ماڵ و حاڵییەکەت پێشکەش دەکەیت، ئەنجومەن هەڵسەنگاندن بۆ بارودۆخەکەت دەکات بۆ ئەوەی بڕیار بدات چ جۆرە یارمەتییەکت پێشکەش بکات. تۆ مافی ئەوەت هەیە کە داواکارییەکەی بێ ماڵ و حاڵییەکەت لەلایەن ئەنجومەنی خۆجێیەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و پشتڕاستکردنەوەی نووسراوی هەڵسەنگاندنەکەت پێبدرێت. کاتێک کەسێکی بێ ماڵ و حاڵ پێشکەش بە ئەنجومەنێکی خۆجیی دەکەیت، نابێت داوات لێبکەن پێشکەشی ئەنجومەنێکی خۆجێی جیاوازی بکەیت.

بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی ماڵپەڕی دەسەڵاتی خۆجێییەکەت بکە یان سەردانی ئەم بەستەرە بکە: https://scottishrefugeecouncil.org.uk/housing/#Yourrights

**گرنگ**

ئەگەر لە ماڵێکدا دەژیت کە کرێی بۆ دەدەیت، دەبێت دڵنیابیتەوە کە ئەمانەی خوارەوەت ئەنجامداوە:

- باجی ئەنجومەن بدە، کە دەکرێت بە شێوەی ئۆنلاین یان لە ڕێگەی پەیوەندیکردن بە دەسەڵاتی خۆجێییەکەتەوە ئەنجام بدرێت.
- مۆڵەتی تەلەفزیۆن بدە ئەگەر تەلەفزیۆنێکت هەیە کە دەستڕاگەیشتنی بە هەر کەناڵێکی ڕاستەوخۆی هەیە، وەک بی بی سی BBC.

## تەندروستی دەروونی

ئەگەر کەسێک بەدوای یارمەتیدا دەگەڕێت سەبارەت بە تەندروستی دەروونی، پشتیوانی بەردەستە لە ڕێگەی NHS (**111**) و ئاژانسەکانی لایەنی سێیەمەوە. ئەگەر پێویستی بە پشتیوانی بەپەلە بوو، خزمەتگوزاری ئەمبولانسی سکۆتلەندی (**999**) وەڵامی ئەو کەسانە دەداتەوە کە لە قەیرانێکی تەندروستی دەروونیدان.

ئەگەر کەسێک لە شوێنێکی گشتیدا لە قەیرانێکی تەندروستی دەروونیدا بێت و پێویستی بە چاودێری یان چارەسەری بەپەلە بێت، یاسای تەندروستی دەروونی (چاودێری و چارەسەر) (سکۆتلەندا)ی 2003 ڕێگە بە پۆلیس دەدات ئەو کەسە دەستبەسەر بکات و بیباتە شوێنێکی سەلامەت بۆ وەرگرتنی هەڵسەنگاندنی پزیشکی. ئەمە زۆربەی کات نەخۆشخانەیەک دەبێت.

## لەدایکبوون، مردن، هاوسەرگیری

هەموو لەدایکبوونێک دەبێت لە ماوەی 21 ڕۆژدا لە ئەنجومەنی خۆجێیەکەت تۆمار بکرێت و هەموو مردنێکیش دەبێت لە ماوەی 8 ڕۆژدا تۆمار بکرێت. هاوسەرگیری دەبێت لەماوەی 29 ڕۆژدا تۆمار بکرێت.

# یاسا لەماڵەوە

## ئەلکهول

لە سکۆتلەندا، بەپێی یاسا ڕێگەت پێدراوە کحول بکڕیت و بخۆیتەوە ئەگەر تەمەنت 18 ساڵ یان زیاتر بێت. کڕینی کحول بۆ هەر کەسێک کە تەمەنی لە ژێر 18 ساڵ بێت، نایاساییە. لە زۆرێک لە دوکان و بارەکاندا، لەوانەیە داوای ناسنامەت لێبکرێت ئەگەر تەمەنت لە ژێر 25 ساڵ دەربکەوێت. جۆرە قبوڵکراوەکانی ناسنامە بریتین لە پاسپۆرت، مۆڵەتی شۆفێری بەریتانی، یان کارتی یۆنگ سکۆت (Young Scot) کە لۆگۆی پاس (PASS)ی لەسەرە. سکۆتلەندا یاسایەکی هەیە کە پێی دەوترێت کەمترین نرخی یەکە. ئەم یاسایە دڵنیایی دەدات کە کحول بە نرخێکی زۆر کەم نەفرۆشرێت، بۆ کەمکردنەوەی کێشەکانی کحول و پاراستنی سەلامەتی خەڵک. تۆ ڕێگەت پێدراوە لە ماڵەوە و لە بار و چێشتخانە مۆڵەتپێدراوەکاندا کحول بخۆیتەوە. بەڵام، لە هەندێک شارۆچکە یان شاردا، خواردنەوەی کحول لە شوێنە گشتییەکاندا، وەک لەسەر شەقام یان لە پارکەکاندا، لەلایەن ئەنجومەنی خۆجێییەوە قەدەغە کراوە.

## جگەرەکێشان و کێشانی ڤەیپ

دەبێت تەمەنت 18 ساڵ یان زیاتر بێت بۆ کڕینی هەر بەرهەمێکی توتن یان نیکۆتین. ئەمە جگەرە، سیگار توتنی پێچراوە، ڤەیپ (جگەرەی ئەلیکترۆنی)، کیسەی نیکۆتین و بەرهەمە توتنییە گەرمکراوەکان دەگرێتەوە. کڕینی ئەمانە بۆ کەسێک کە تەمەنی لە ژێر 18 ساڵ بێت نایاساییە و ئەو دوکانانەی کە بە کەسانی خوار تەمەنی یاسایی دەیفرۆشن ڕووبەڕووی سزا دەبنەوە. کێشانی جگەرە و ڤەیپ لەناو باڵەخانە گشتییەکان، چێشتخانەکان، کافێکان، هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی، قوتابخانەکان و شوێنەکانی کاردا ڕێگەپێدراو نییە. ئەمە هەم جگەرەی ئاسایی و هەم ئامێرە نوێیەکانی ڤەیپ دەگرێتەوە. قەدەغەکردنی فرۆشتن و دابینکردنی ڤەیپی یەکجار بەکارهێنان لە سکۆتلەندا لە 2025-06-01 کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. تۆ ڕێگەت پێدراوە بەرهەمەکانی توتن یان ڤەیپ لە دوکانە تۆمارکراوەکان بکڕیت. ئەم شتانە لە فرۆشیارانی سەرشەقام یان وێبسایتە پەسەندنەکراوەکان مەکڕە، چونکە لەوانەیە سەلامەت نەبن و زۆرجار نایاساییین.

## مۆڵەتی تەلەفیزیۆن

لە سکۆتلەندا، دەبێت مۆڵەتی تەلەفزیۆنت هەبێت ئەگەر سەیری تەلەفزیۆنی ڕاستەوخۆ بکەیت لەسەر هەر ئامێرێک یان BBC iPlayer بەکاربهێنیت. ئەمە سەیرکردنی کەناڵە ڕاستەوخۆکان لەسەر تەلەفزیۆن، کۆمپیوتەر، سمارتفۆن، تابلێت، یان هەر شاشەیەکی تر دەگرێتەوە. هەروەها پێویستت بە مۆڵەتە ئەگەر تەلەفزیۆنی ڕاستەوخۆ تۆمار بکەیت بۆ ئەوەی دواتر سەیری بکەیت. بەڵام، ئەگەر تەنها سەیری خزمەتگوزارییەکانی سەر داواکاری وەک نێتفلیکس، یوتیوب، دیزنی پڵەس، ئەمازۆن پرایم، یان پلاتفۆرمی هاوشێوە بکەیت و سەیری پەخشی ڕاستەوخۆ یان BBC iPlayer نەکەیت، ئەوا پێویستت بە مۆڵەتی تەلەفزیۆن نییە. پێویستە بەیاننامەی نەبوونی مۆڵەتی تەلەفزیۆن پڕ بکەیتەوە، کە ڕێگریت لێدەکات لە وەرگرتنی پۆستی نەخوازراو. تکایە ئەمە بە شێوەی ئۆنلاین ئەنجام بدە لە ڕێگەی:
https://www.tvlicensing.co.uk

بەکارهێنانی فایەرستیک (Firestick)ی دەستکاریکراو یان جەیڵبرەیک کراو، تیڤی بۆکس (TV box)، یان ئامێرەکانی تری ستریمینگی نایاسایی بۆ سەیرکردنی وەرزشی ڕاستەوخۆ، فیلم، یان کەناڵەکان بەبێ پارەدان، دژی یاسایە. ئەمە بە چەتەیی دیجیتاڵی ناسراوە. هەم فرۆشتنی ئەم ئامێرانە و هەم بەکارهێنانیان نایاساییە. ئەو کەسانەی کە دەگیرێن لە کاتی بەکارهێنانیان بۆ خۆدزینەوە لە پارەدانی خزمەتگوزارییەکانی تەلەفزیۆن، بە مۆڵەتی تەلەفزیۆنیشەوە، دەتوانرێت سزا بدرێن یان دادگایی بکرێن.

# پارە قەرزکردن

ئەگەر پێویستت بە قەرزکردنی پارە بوو لە سکۆتلەندا، هەمیشە قەرزدەرە یاسایی و ڕێکخراوەکان بەکاربهێنە وەک بانکەکان، یەکێتییە کرێدییەکان، یان کۆمپانیا داراییە مۆڵەتپێدراوەکان. ئەم ڕێکخراوانە دەبێت پەیڕەوی یاسای توند بکەن بۆ مامەڵەکردنی دادپەروەرانە لەگەڵ کڕیارەکان و یارمەتیدانیان لە بەڕێوەبردنی قەرزەکانیان. نابێت هەرگیز پارە لە کەسێک قەرز بکەیت کە بە فەرمی تۆمار نەکراوە. ئەم قەرزدەرە نایاساییانە زۆرجار ڕێژەیەکی زۆر بەرزی سوو وەردەگرن و لەوانەیە هەڕەشە یان توندوتیژی بەکاربهێنن بۆ وەرگرتنەوەی پارەکەیان.

مامەڵەکردن لەگەڵ قەرزدەرە نایاساییەکان (loan sharks) مەترسیدارە و دژی یاسایە. ئەگەر کێشەی پارە یان قەرزت هەیە، یارمەتی بێبەرامبەر بەردەستە.

دەتوانیت قسە لەگەڵ Citizens Advice Scotland (ستیزنس ئەدڤایس سکۆتلەند)، Step Change، یان Money Advice Scotland بکەیت بۆ پشتیوانی و ئامۆژگاری. ئەوان پێت ناڵێت بۆ وات و کرد و وات نەکرد و هەموو شتێک کە دەیڵێیت نهێنی دەبێت.

# یاسا لەسەر شەقام

یاسا گرنگەکان کە پێویستە پەیڕەویان بکەیت کاتێک لە دەرەوەی ماڵیت لە شوێنە گشتییەکاندا.

## هەڵسوکەوتی دژە کۆمەڵ

ئەم شتانە دەتوانن کێشە دروست بکەن و لەوانەیە ببنە هۆی سزای دارایی یان دەستگیرکردن لەلایەن پۆلیسەوە:

- هاوارکردن، جنێودان، شەڕکردن.
- توندوتیژبوون یان هەڕەشەکردن لە خەڵک.
- سوکایەتیکردن یان هاوارکردن بەسەر دراوسێ یان کەسانی نامۆدا.
- فڕێدانی زبڵ و خاشاک لەسەر شەقام.
- زیانگەیاندن بە موڵکی گشتی (کورسی پارک، پەنجەرە).

## پاراستنی کۆمەڵگە - پاراستنی ئارامی

دەکرێت تووشی کێشە ببیت بەهۆی:

- خواردنەوەی کحول لەو شوێنەی کە ڕێگەپێدراو نییە.
- ڕەفتارکردن بە شێوەیەک کە وا لە خەڵک بکات هەست بە ترس یان هەڕەشە بکەن.
- شەڕکردن یان ڕەفتارکردنی توندوتیژانە لە شوێنی گشتیدا.
- گوێنەگرتن لە پۆلیس کاتێک داوات لێدەکەن بوەستیت.

## زبڵ فڕێدان - پاک ڕاگرتنی شەقامەکان

نابێت زبڵ فڕێ بدەیت، سەتڵی زبڵی دابینکراو بەکاربهێنە یان بیبەرەوە ماڵەوە. ئەگەر لە کاتی فڕێدانی زبڵدا بگیرێیت، مەترسی سزای دارایيت لەسەرە.

پاک نەکردنەوەی پاشەڕۆی سەگەکەت لە شوێنی گشتیدا بە سەرپێچی دادەنرێت.

## بێرەوشتی گشتی

ئەو بەشانەی جەستەت لە شوێنی گشتیدا دەرنەخەیت کە دەبێتە هۆی بێزارکردنی کەسانی تر، ئەمەش مەمک یان ناوچەی زاوزێ دەگرێتەوە. ئەمە تاوانە. ئەو ڕەفتارەی کە لە شوێنی تایبەتدا ڕێگەپێدراوە، ئەگەر لە شوێنی گشتیدا ئەنجام بدرێت، دەکرێت بە تاوان دابنرێت.

کردەوەی سێکسی لە شوێنی گشتیدا هەروەها نایاسایی و تاوانە.

## ڕاوەستان و پشکنین

پۆلیس دەتوانێت ڕات بگرێت و پشکنینی خۆت، جانتاکانت، گیرفانەکانت یان ئۆتۆمبێلەکەت بکات ئەگەر پێیان وابێت چەک، شتی دزراو یان ماددەی هۆشبەرت پێیە.

ئارام بە، هەروەها دەتوانیت بپرسیت بۆچی دەپشکنرێیت. هەروەها مافی ئەوەت هەیە داوای وەرگێڕێک بکەیت. پێویستە مێینە لەلایەن ئەفسەرێکی مێینەوە بپشکنرێت.

## بەکارهێنانی شۆستەکان

شۆستەکان بۆ پیادەڕەوین؛ بۆ هەمووان بە خاوێنی بیهێڵەرەوە. ڕێڕەوەکان بە پاسکیل، عەرەبانەی منداڵ، عەرەبانەی بازاڕکردن، یان جانتا مەگرە. لە شوێنە سەلامەتەکانەوە لە شەقامەکان بپەڕەرەوە وەک ترافیک لایتەکان یان هێڵەکانی پەڕینەوەی پیادە.

ئاگاداری نزیک دەروازەی ئۆتۆمبێل یان شەقامە قەرەباڵغەکان بە.

# یاساکانی شۆفێری

ئەگەر دەتەوێت لە سکۆتلەندا ئۆتومبێل لێبخوڕیت، پێویستت بەمانەی خوارەوە دەبێت:

## کێ دەتوانێت شۆفێری بکات؟

بۆ لێخوڕینی ئۆتۆمبێل یان ماتۆڕسکیل لە سکۆتلەندا، پێویستە تەمەنت لانیکەم 17 ساڵ بێت. هەروەها پێویستت بە مۆڵەتێکی شۆفێری بەسەرچوو دەبێت بۆ ئەو ئۆتۆمبێلە دیاریکراوە. گرنگە تەندروستیت باش بێت و وریابیت و نابێت لەژێر کاریگەری کحول یان مادده هۆشبەرەکاندا بیت. ئەگەر تەمەنت 16 ساڵ یان زیاتر بێت و وەک کەمئەندام تۆمارکرابیت، دەتوانیت لە ژێر هەندێک پێوەردا داوای مۆڵەت بکەیت. تکایە بۆ زانیاری زیاتر سەیری ماڵپەڕی DVLA بکە.

## مۆڵەتی شۆفێرییەکەت

### دانیشتووانی بەریتانیا

بۆ وەرگرتنی مۆڵەتێکی شۆفێری تەواو لە بەریتانیا، سەرەتا پێویستە داواکاری بۆ مۆڵەتێکی شۆفێری کاتی پێشکەش بکەیت. هەروەها پێویستە تاقیکردنەوەیەکی تیۆری لەسەر کۆمپیوتەر ئەنجام بدرێت، کە زانیاریت لەسەر یاساکانی ڕێگاوبان و سەلامەتی تاقی دەکاتەوە. دوای ئەوە، پێویستە تاقیکردنەوەیەکی شۆفێری پراکتیکی ئەنجام بدەیت بۆ ئەوەی نیشان بدەیت کە دەتوانیت بە سەلامەتی لەسەر شەقام شۆفێری بکەیت. کاتێک بە سەرکەوتوویی هەردوو تاقیکردنەوەکە تەواو دەکەیت، مۆڵەتی شۆفێرییەکەت وەردەگریت.

### شۆفێرانی بیانی

ئەگەر سەردانی سکۆتلەندا دەکەیت یان بەم دواییانە گواستوتەتەوە بۆ ئەوێ، لەوانەیە بتوانیت مۆڵەتی شۆفێرییەکەی ئێستات بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەکاربهێنیت. لێرەدا شیکردنەوەیەکی سادە هەیە بۆ چۆنیەتی کارکردنی:

- ئەگەر مۆڵەتی شۆفێرییەکەت لە یەکێتی ئەورووپا (EU) یان ناوچەی ئابووری ئەورووپا (EEA)وە بێت، دەتوانیت لە بەریتانیا شۆفێری بکەیت تاوەکو تەمەنت دەبێتە 70 ساڵ یان بۆ ماوەی سێ ساڵ دوای ئەوەی دەگوازیتەوە بۆ بەریتانیا، کامیان درێژتر بێت. دوای ئەوە، دەتوانیت بیگۆڕیت بۆ مۆڵەتێکی بەریتانی بەبێ ئەوەی پێویستت بە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی شۆفێری بێت.
- ئەگەر مۆڵەتەکەت لە وڵاتانی وەک ئوستورالیا، کەنەدا، ژاپۆن یان نیوزلەندا بێت، دەتوانیت بۆ ماوەی یەک ساڵ دوای گواستنەوەت بۆ بەریتانیا شۆفێری بکەیت. لە ماوەی پێنج ساڵدا، دەتوانیت مۆڵەتەکەت بگۆڕیت بۆ مۆڵەتێکی بەریتانی بەبێ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە.
- ئەگەر مۆڵەتەکەت لە شوێنێکی ترەوە بێت، هێشتا دەتوانیت بۆ ماوەی یەک ساڵ شۆفێری بکەیت. دوای ئەوە، پێویستە داواکاری بۆ مۆڵەتێکی شۆفێری کاتی بەریتانی پێشکەش بکەیت و هەم تاقیکردنەوەی تیۆری نووسراو و هەم تاقیکردنەوەی شۆفێری پراکتیکی دەربچیت.
- ئەگەر مۆڵەتی شۆفێرییەکەت بە زمانی ئینگلیزی نییە، بیرۆکەیەکی باشە کە مۆڵەتێکی شۆفێری نێودەوڵەتی (IDP) یان وەرگێرانێکی باوەڕپێکراوی مۆڵەتەکەت هەڵبگریت.

بەو شێوەیە، دەتوانیت بە سەلامەتی و بە شێوەیەکی یاسایی شۆفێری بکەیت لە کاتێکدا خۆت لەگەڵ ژیان لە سکۆتلەندا دەگونجێنیت.

## بەڵگەنامەکانی ئۆتۆمبێل

### باجی ڕێگەوبان

هەموو ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە لەسەر ڕێگا گشتییەکان لێدەخوڕرێن پێویستە باج بدەن. دەتوانیت بە ئاسانی ئەم باجی ئۆتۆمبێلە بە شێوەی ئۆنلاین بدەیت لە ماڵپەڕی: www.gov.uk/vehicle-tax

### دڵنیایی (ئینشورانس)

بۆ لێخوڕینی ئۆتۆمبێل، پێویستە بیمە (دڵنیایی)ت هەبێت. لانیکەم، دەبێت دڵنیایی لایەنی سێیەم بەدەست بهێنیت. ئەم جۆرە دڵنیاییە یارمەتیدەرە بۆ پێدانی هەر زیانێک کە لەوانەیە بە ئۆتۆمبێل یان موڵکی کەسانی تر بیگەیەنیت. هەروەها گرنگە دڵنیابیتەوە کە ناوت لەسەر پەیرەوی دڵنیاییەکە نووسراوە و دڵنیاییەکە چالاک و نوێیە.

### تاقیکردنەوەی MOT

ئەگەر ئۆتۆمبێلەکەت تەمەنی لە سێ ساڵ زیاتر بێت، پێویستە هەموو ساڵێک پشکنینی سەلامەتی بۆ بکەیت لە تاقیکردنەوەیەکدا کە پێی دەوترێت MOT. دەتوانیت ئەم تاقیکردنەوەیە لە گەراجێکی متمانەپێکراودا ڕێکبخەیت. ئەنجامی تاقیکردنەوەکە لە تۆمارێکی ئۆنلایندا هەڵدەگیرێت، و بیرۆکەیەکی باشە کە کۆپییەکی بۆ خۆشت هەڵبگریت. بیرت بێت، شۆفێریکردن بە ئۆتۆمبێلێک کە باجی بەسەرچوو، دڵنیایی، یان MOTی نەبێت، دژی یاسایە. ئەنجامدانی ئەمە دەتوانێت ببێتە هۆی سزای دارایی یان تەنانەت دەستبەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێلەکەت.

**گرنگە:** دڵنیابە تایەکانت لە دۆخێکی باشدان. کەمترین قووڵایی یاسایی پێی تایە 1.6 ملم کە لە سێ چارەکی ناوەڕاستی پانی پێی تایەکە و بە دەوری تەواوی چێوەکەیدا دەپێورێت. بە بەردەوامی پشکنینی تایەکانت بکە بۆ داخوران، پەستانی هەوای کەم، یان هەر زیانێک. ئەگەر لە دۆخێکی باشدا نەبن، کاتی ئەوە هاتووە بیانگۆڕیت.

## یاساکانی سەلامەتی لەسەر ڕێگاوبان

- هەمیشە پشتێنی سەلامەتی ببەستە کاتێک لەناو ئۆتۆمبێلدایت.
- پابەندی سنووری خێرایی بە مەگەر هێمایەک هەبێت پێت بڵێت هێواشتر بڕۆیت:
  - زۆرێک لە ناوچەکانی شارۆچکە یان شار ناوچەی 20، 30 یان 40 میل لە کاتژمێرێکدا هەیە.
  - زۆرێک لە ڕێگا گوندنشینەکان ناوچەی 40، 50 یان 60 میل لە کاتژمێرێکدا هەیە.
  - زۆربەی ڕێگا خێراکان 70 میل لە کاتژمێرێکدان، بەڵام هەندێکیان لەوانەیە هێواشتر بن.
- بەستەری ماڵپەڕی حکومەت[Speed limits - GOV.UK](سنوورەکانی خێرایی) چونکە ئێستا چەندین شارۆچکە سنووری خێرایی 20 میل لە کاتژمێرێکدا دادەنێن.
- هەرگیز هیچ ئامێرێکی دەستی بەکارمەهێنە، وەک تەلەفون یان سات ناڤ (sat nav)، لە کاتی شۆفێریدا مەگەر سیستەمێکی بێ دەستت هەبێت کە ڕێگەت پێبدات قسە بکەیت بەبێ گرتنی ئامێرەکە. دڵنیابە کە ئامێرەکە بە تەواوی ڕێکدەخەیت پێش ئەوەی دەست بە شۆفێری بکەیت و هەرگیز لە کاتی لێخوڕیندا لەسەر ڕێگا بەکاری مەهێنە. هەروەها، گرنگە کە ئامێرەکە لە کاتی شۆفێریدا بەرچاوت نەگرێت.

## لەسەر ڕێگا سەلامەت بە!

## یاسای شۆفێری لەژێر کاریگەری ئەلکهولدا

سکۆتلەندا یەکێک لە توندترین سنوورەکانی شۆفێری لەژێر کاریگەری ئەلکهولدا هەیە لە بەریتانیا:

- 22 مایکرۆگرام ئەلکهول لە هەر 100 مل هەناسەدا
- 50 ملگم ئەلکهول لە هەر 100 مل خوێندا
- 67 ملگم ئەلکهول لە هەر 100 مل میزدا

## قبوڵنەکردنی هیچ شتێک (سفر لێبوردەیی)

باشترین بڕیار ئەوەیە کە خۆت بەدوور بگریت لە خواردنەوە ئەگەر پلانت هەیە شۆفێری بکەیت. تەنانەت کەمێک ئەلکهولیش دەتوانێت کاریگەری لەسەر توانای شۆفێریت هەبێت.

ئەم یاسایە بۆ هەمووانە، جا شۆفێرێکی نوێ بیت یان چەندین ساڵ بێت شۆفێری بکەیت.

## ئەنجامەکانی شۆفێری بە سەرخۆشی

ئەگەر لە سکۆتلەندا لە کاتی شۆفێری بە سەرخۆشیدا بگیرێیت، لەوانەیە ڕووبەڕووی ئەمانە ببیتەوە:

- قەدەغەکردنی شۆفێری (لانیکەم 12 مانگ)
- تۆمارێکی تاوانکاری
- سزای دارایی (غەرامە) (تا 5,000 پاوەند)
- هەتا ڕادەی 6 مانگ لە بەندیخانە
- زیادبوونی تێچووی دڵنیایی ئۆتۆمبێل
- لەدەستدانی کارەکەت، بەتایبەتی ئەگەر بە ئۆتومبێل بچیت بۆ سەر کار.

بۆ سەرپێچی دووبارە یان حاڵەتی جددیتر (وەک هۆکاربوونی ڕووداوێک)، سزاکان دەتوانن زۆر توندتر بن.

## چی دەربارەی بەیانی ڕۆژی دوای خواردنەوە؟

ئەلکهول دەتوانێت بۆ چەندین کاتژمێر لە جەستەتدا بمێنێتەوە. ئەمە واتە لەوانەیە هێشتا بەیانی دواتر زۆر لەژێر کاریگەریدا بیت بۆ شۆفێری، بەتایبەتی ئەگەر شەوی پێشتر زۆرت خواردبێتەوە. هیچ ڕێگەیەکی خێرا نییە بۆ ئەوەی دووبارە هەست بە ئاگایی بکەیتەوە؛ تەنها چارەسەر ئەوەیە چاوەڕێ بکەیت تا جەستەت ئەلکهولەکە هەرس دەکات.

## سەلامەت بە - پێشوەختە پلان دابنێ

بە کەسێک بڵێ هەڵت بگرێت، هۆکارەکانی گواستنەوەی گشتی بەکاربهێنە، یان تەکسییەک بانگ بکە.

شۆفێرێکی دیاریکراو هەڵبژێرە کە ئەلکهول ناخواتەوە.

هەرگیز سواری ئۆتۆمبێلی کەسێک مەبە کە خواردویەتیەوە.

**ئەگەر شۆفێری دەکەیت، مەخۆرەوە.**

**ئەگەر خواردوتەتەوە، شۆفێری مەکە.**

**تکایە ئاگاداربە کە پاسکیلسواری بە سەرخۆشی هەروەها سەرپێچییە.**

# سەرپێچییەکانی هاتوچۆی ڕێگاوبان لە سکۆتلەندا

لە سکۆتلەندا، یاسا هەیە بۆ شۆفێری کردن لەسەر ڕێگاکان بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی هەموو ئەوانەی بەکاریان دەهێنن. ئەگەر لە پشت سوکانەوەیت، گرنگە تێبگەیت چی ڕێگەپێدراوە و چی ڕێگەپێدراو نییە.

## سەرپێچییە باوەکانی هاتوچۆی ڕێگاوبان

ڕانەوەستان دوای ڕوداو

خێرایی زیاد (تیژڕەوی)

شۆفێریکردن لەژێر کاریگەری ئەلکهول یان ماددە هۆشبەرەکاندا

بوونە هۆی مردنی کەسێک بەهۆی شۆفێری بێباکانە یان مەترسیدارەوە

شۆفێری مەترسیدار

بەکارهێنانی مۆبایل لە کاتی شۆفێریدا

شۆفێری بێباکانە یان بێ ڕەچاوکردن

شۆفێریکردن بەبێ دڵنیایی ئۆتۆمبێلی بەسەرنەچوو

شۆفێریکردن بەبێ مۆڵەت یان لە کاتی قەدەغەکراویدا

پشتگوێخستنی هێماکانی هاتوچۆ (بۆ نموونە، ڕۆیشتن بە ترافیک لایتی سووردا)

نەبەستنی پشتێنی سەلامەتی

لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بەبێ بڕوانامەی MOT ی دروست

لێخوڕینی ئۆتۆمبێل بە پارچەی ئۆتۆمبێل کە سەلامەت نییە یان کەم و کوڕی تێدایە

## سزاکان

ئەگەر هەر یەکێک لەم یاسایانە ببەزێنیت، ئەوەی دواتر ڕوودەدات دەتوانێت جیاواز بێت بەپێی ئەوەی سەرپێچییەکە چەندە جددییە. لەوانەیە ڕووبەڕووی ئەمانە ببیتەوە:

- سزایەکی دارایی کە دەبێت بیدەیت
- خاڵ زیاد دەکرێت بۆ تۆماری شۆفێرییەکەت
- قەدەغەکردنێکی کاتی لە شۆفێری
- لە حاڵەتی جددیدا، لەوانەیە ئەنجامی توندتر جێبەجێ بکرێت.

گرنگە تێبگەیت کە ئەم سزایانە بۆیان هەیە کاریگەرییان لەسەر توانای شۆفێریت هەبێت.

### خاڵەکانی سزا و لێبڕینەکان

کاتێک هەندێک سەرپێچی شۆفێری ئەنجام دەدەیت، خاڵ بۆ تۆماری شۆفێرییەکەت زیاد دەکرێت. ئەم خاڵانە بۆ چەند ساڵێک لەسەر تۆمارەکەت دەمێننەوە، بەپێی جۆری سەرپێچییەکە. ئەگەر لە ماوەی 3 ساڵدا 12 خاڵ یان زیاترت کۆکردەوە، ئەگەری زۆرە مافی شۆفێرییەکەت لانیکەم بۆ ماوەی 6 مانگ لەدەست بدەیت.

بۆ شۆفێرە نوێیەکان کە لە ماوەی 2 ساڵی ڕابردوودا تاقیکردنەوەی شۆفێرییان دەرچووە، تەنها 6 خاڵ دەتوانێت ببێتە هۆی وەرگرتنەوەی مۆڵەتی شۆفێرییەکەیان. لەو حاڵەتەدا، پێویستە دووبارە تاقیکردنەوەی شۆفێرییەکەت بکەیتەوە بۆ وەرگرتنەوەی مۆڵەتەکەت.

## پاسکیلی کارەبایی و سکوتەری کارەبایی

### بۆ لێخوڕینی پاسکیلێکی کارەبایی:

- پێویستە پایدەری هەبێت کە بتوانرێت بۆ پاڵنانی پاسکیلەکە بەکاربهێنرێت.
- پێویستە مۆتۆرەکە لە خێرایی 15.5 میل لە کاتژمێرێکدا (25 کم لە کاتژمێرێکدا) بوەستێت
- پێویستە هێزی مۆتورەکە لە 250 وات زیاتر نەبێت.
- پێویستە تەمەنت 14 ساڵ یان زیاتر بێت بۆ سواربوونی.
- پێویستی بە مۆڵەتی شۆفێری، دڵنیایی، یان باجی ڕێگا نییە.

هەر پاسکیلێکی کارەبایی کە پەیڕەوی ڕێنماییەکانی EAPC نەکات، بە ماتۆڕسایکڵ یان مۆپێد دادەنرێت، کە پێویستی بە تۆمارکردن و باجدان هەیە، و شۆفێرەکەی دەبێت مۆڵەتێکی شۆفێری کارای هەبێت و کڵاو لەسەر بکات.

### بۆ لێخوڕینی پاسکیلێکی کارەبایی:

بەکارهێنانی سکوتەری کارەبایی تایبەت لەسەر ڕێگا گشتییەکان، شۆستەکان و ڕێڕەوی پاسکیل لە سکۆتلەندا دژی یاسایە. تەنها دەتوانیت لەسەر موڵکی تایبەت لێیانبخوڕیت ئەگەر مۆڵەتت لە خاوەنی زەوییەکە وەرگرتبێت. ئەمە لەبەر ئەوەیە کە سکوتەری کارەبایی وەک ئۆتۆمبێل پۆلێن کراون لە ژێر یاسای هاتوچۆی ڕێگاوبانی 1988.

**پێداویستییەکان بۆ خاوەندارێتی و لێخوڕینی سکوتەر:**

دڵنیایی

مۆڵەتی شۆفێری

باجی ڕێگەوبان

ئەگەر ئەم پێداویستیانەت تێدا نەبێت، ئەوا تۆ یاسا پێشێل دەکەیت.

تکایە ئاگاداربە کە پۆشاکی ئایینی، وەک سەروسەرپێچ (عەمامە)، بەدەرکراوە لە (یاسای) لەسەرکردنی کڵاو.

**سزاکان**

ئەگەر لە کاتی بەکارهێنانی سکوتەری کارەبایی تایبەتدا لە شوێنی گشتیدا بگیرێیت، لەوانەیە ڕووبەڕووی ئەمانە ببیتەوە:

- سزای دارایی 300 پاوەند و شەش خاڵی سزا لەسەر مۆڵەتی شۆفێرییەکەت بەهۆی لێخوڕین بەبێ دڵنیایی (بیمە).
- سزای دارایی 100 پاوەند و سێ بۆ شەش خاڵی سزا بەهۆی لێخوڕین بەبێ مۆڵەتی گونجاو.
- سزای دارایی 50 پاوەند بەهۆی لێخوڕین لەسەر شۆستە.
- سزای دارایی 200 پاوەند و شەش خاڵی سزا بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایل لە کاتی لێخوڕیندا
- سزای دارایی 100 پاوەند و ئەگەری خاڵی سزا بەهۆی ڕۆیشتن بە ترافیک لایتی سووردا
- سزای دارایی سەپێنراو لەلایەن دادگاوە، قەدەغەکردنی شۆفێری، و ئەگەری زیندانیکردن بەهۆی لێخوڕین لەژێر کاریگەری کحول یان مادده هۆشبەرەکاندا.

# یاسا لە شوێنی کار

دامەزراندن بریتییە لە ڕێککەوتنێک کە تێیدا خاوەنکار پارە دەدات بە کارمەند بۆ ئەوەی کارێکی بۆ ئەنجام بدات. ئەم ڕێککەوتنە دەکرێت بە نووسراو یان بە زارەکی بکرێت.

## مافەکانت

مافەکانی کارمەند - بەپێی یاسای مافەکانی دامەزراندنی ساڵی 1996، هاتووە کە کارمەندان پارێزراون لە دەرکردنی نادادپەروەرانە و جیاکاری و دەبێت هەموو کارمەندان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت لە هەموو ڕوویەکەوە و سەبارەت بە مووچە، کاتژمێرەکانی کارکردن و مۆڵەت.

- بەیاننامەیەکی نووسراو لەسەر مەرجەکانی دامەزراندن لە ماوەی 2 مانگدا لە بەرواری دەستپێکردنت.
- مافی وەرگرتنی پسوولەی مووچە لەگەڵ هەر مووچەیەک کە وەریدەگریت.
- مافی پێدانی کەمترین مووچەی نیشتمانی
- مافی وەرگرتنی مووچەی پشوو، کە 28 ڕۆژە لە ساڵێکدا بۆ کارمەندانی کاتی تەواو (فووڵ تایم).
- کارمەندانی کاتی نیوە (پارت تایم) شایستەی بڕێکی هاوتان بەپێی کاتی کارکردنیان.
- کرێکارانی کاتی نیوە هەمان مافی کرێکارانی کاتی تەواویان هەیە.
- مافی مۆڵەتی باوکایەتی بە مووچەوە بۆ دایک و باوکە نوێیەکان.
- مافی ئەوەی کە جیاکاریت بەرامبەر نەکرێت لەسەر بنەمای تەمەن، کەمئەندامی، ڕەگەز، ئارەزووی سێکسی، نەژاد، ئایین/باوەڕ و دووگیانی.

## دەرکردن

ئەگەر دەرکرایت، مافی ئەوەت هەیە ڕوونکردنەوەیەکی نووسراو لە خاوەنکارەکەت وەربگریت سەبارەت بە هۆکاری لەدەستدانی کارەکەت ئەگەر بۆ ماوەی 2 ساڵ یان زیاتر لەوێ کارت کردبێت. ئەگەر کەسێک کە دووگیانە یان لە مۆڵەتی دایکایەتیدایە دەرکرابێت، ئەوا مافی وەرگرتنی هۆکارێکی نووسراوی هەیە، گرنگ نییە چەند ماوەیەکە لەوێ کار دەکات. ئەگەر بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە دەرکرایت، مافی داواکردنی قەرەبووت هەیە بە مەرجێک بۆ ماوەی 2 ساڵ یان زیاتر لەوێ کارت کردبێت.

## تەندروستی و سەلامەتی

خاوەنکاران دەبێت دڵنیابنەوە کە کارمەندەکانیان لە شوێنێکی کار و ژینگەیەکی سەلامەتدان. پێویستە ئامێر و ڕاهێنانی پێویست بۆ هەموو کارمەندان دابین بکەن ئەگەر پێویست بوو، چونکە ئەمە هەر مەترسییەک بۆ سەر کارمەندان کەم دەکاتەوە.

## یەکسانی و جیاکارییەکان

بەپێی یاسای یەکسانی 2010، هاتووە کە جیاکاری دژی هەر کەسێک لەسەر بنەمای هەر یەکێک لەم تایبەتمەندییە پارێزراوانە نایاساییە:

- تەمەن
- دووبارە گەڕانەوە بۆ ڕەگەزی پێشوو
- هاوسەرگیریکردن یان هەبوونی هاوژینی سیڤیڵ
- دووگیان بوون یان بوون لە مۆڵەتی دایکایەتیدا
- کەمئەندامی
- نەژاد، لەنێوانیاندا ڕەنگ، هاوولاتیتی، ڕەسەنی ئێتنی یان نەتەوایەتی
- ئاین یان باوەڕ
- سێکس
- ئاراستەی سێکسی

## گرێبەستەکانی کارکردن

ڕوون و بەپێی یاسا جێبەجێ دەکرێن، ئەوانە بنەڕەتین و دەبێت مەرجەکانی دامەزراندن، مووچە و بەرپرسیارێتییەکان دیاری بکەن. ئەگەر دڵنیا نیت لەوەی کە ئایا هیچ کام لەمانە بەسەر تودا جێبەجێ دەبن، دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بە: نووسینگەی ڕاوێژکاری هاولاتیان (ستیزن ئەدڤایس بیرۆ) لە ڕێگەی وێبسایتەکەیانەوە www.cas.org.uk یان پەیوەندی بە نووسینگەی ناوخۆیی ناوچەکەتەوە بکە.

خزمەتگوزاری ڕاوێژکاری، ئاشتەوایی و ناوبژیوانی، کە بە (ACAS) ناسراوە، لە ڕێگەی وێبسایتەکەیانەوە: www.acas.org.uk یان بە تەلەفونکردن بۆ **`0300 123 1100`.**

ئەگەر پێویستت بە وەرگێڕ بوو، دەتوانیت تەلەفون بۆ ژمارەکە بکەیت و یەکسەر داوای وەرگێڕێک بکەیت. هەروەها دەتوانیت نامە بنێریت بۆ **`18001 0300 123 1100`** ئەگەر ناتوانیت لە تەلەفوندا ببیستیت یان قسە بکەیت. ACAS دووشەممە بۆ هەینی کراوەیە لە 8 ی بەیانی بۆ 6 ی دوانیوەڕۆ.

# قوربانیانی تاوان

## کێ دەتوانێت ببێتە قوربانی؟

تاوان دەتوانێت کاریگەری لەسەر هەر کەسێک هەبێت، بەبێ گوێدانە تەمەن، ڕەگەز، یان پاشخان. قوربانی بە سادەیی کەسێکە کە بە شێوەیەک لە شێوەکان بەهۆی تاوانێکەوە ئازاری پێگەیشتووە، کە دەکرێت مانای برینداربوونی جەستەیی، دڵەڕاوکێی سۆزداری، یان زیانی دارایی بێت.

## ئەگەر من قوربانی بم، دەبێت چی بکەم؟

بێدەنگ مەبە. قسەکردن لەگەڵ کەسێک دەربارەی ئەوەی کە بەسەرتدا دێت، یەکەم هەنگاوە بۆ وەرگرتنی پشتیوانی و ڕاگرتنی ئازارەکە.

دەتوانیت قسە لەگەڵ ئەمانەدا بکەیت:

- ئەندامێکی متمانەپێکراوی خێزان یان هاوڕێیەک.
- پۆلیس
- ڕێکخراوێکی پشتیوانی.

تەواو ئاساییە کە هەندێک جار هەست بە ترس یان دڵنیانەبوون بکەیت، بەڵام لەبیرت بێت کە تۆ لەمەدا بە تەنها نیت.

## مافەکانت وەک قوربانییەک

ئەگەر لە سکۆتلەندا تووشی تاوانێک بوویت، گرنگە بزانیت کە مافی دیاریکراوت هەیە. ئەم مافانە دەتوانن یارمەتیت بدەن لەم کاتە سەختەدا.

- مامەڵەکردن لەگەڵت بە ڕێز و شکۆمەندییەوە.
- وەرگرتنی زانیاری دەربارەی ئەوەی چی ڕوودەدات لە کەیسەکەتدا
- دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی پشتیوانی بۆ یارمەتیدانت لە خۆگونجاندن و چاکبوونەوە
- پشتیوانی ئەگەر کەیسەکەت بچێتە دادگا.

هەموو ئەو کەسانەی کە لە کەیسەکەتدا بەشدارن، وەک ئەفسەرانی پۆلیس، پارێزەران و کارمەندانی دادگا، دەبێت بە ڕێز و دادپەروەرییەوە مامەڵەت لەگەڵدا بکەن.

## پەلاماردان

پەلاماردان بریتییە لە هێرشکردنە سەر کەسێکی تر. ئەمە بە شێوەیەکی ئاسایی شێوەی هێرشێکی جەستەیی وەردەگرێت. پێویست ناکات هێرشەکە ببێتە هۆی بریندابوون بۆ ئەوەی لە یاسادا وەک هێرشکردن سەیر بکرێت. هێرشکردن دەکرێت بە بەکارهێنانی دەست و قاچ یان هۆکاری شەڕکردن وەک دار، خشت یان چەقۆ ئەنجام بدرێت. هەروەها بە هێرشکردن دادەنرێت ئەگەر کەسێک تف لە ڕووت بکات یان هەڕەشەی بەردانی سەگەکەیت لێبکات. پەلامارادنی قورس تاوانەکە جددیتر دەکات. پەلاماردان دەکرێت بە چەندین شێوە قورس بکرێت، بۆ نموونە، بە بەکارهێنانی هۆکاری شەڕکردن؛ ئەگەر قوربانییەکە بەساڵاچوو یان منداڵ بووبێت؛ یان ئەگەر قوربانییەکە لە ماڵی خۆیدا هێرشی کرابێتە سەر. لە وڵاتدا هەڵگرتنی چەقۆ و/یان چەک لەسەر خۆت نایاسایییە.

# تفەنگ (چەکی ئاگرین)

لە سکۆتلەندا، بەکارهێنان یان هەڵگرتنی چەک بەبێ مۆڵەتی گونجاو تاوانێکی جددییە. یاساکانی دەربارەی چەکی ئاگرین (تفەنگ) زۆر توندن و بۆ پاراستنی سەلامەتی هەمووان دانراون. ئەمە هەروەها دەمانچەی بێهۆشکەر و سپرای بیبەریش دەگرێتەوە.

## سەرپێچییە یاساییەکان

- هەڵگرتنی چەک بەبێ بڕوانامە یان مۆڵەتێکی چەکی ئاگرینی کارا
- هەڵگرتنی چەکی ئاگرین لە شوێنێکی گشتیدا بەبێ هۆکارێکی یاسایی.
- بەکارهێنانی چەکی ئاگرین بۆ ئەنجامدانی تاوانێک، وەک دزی یان پەلاماردان.
- هەڵگرتنی چەکی ئاگرین بە مەبەستی ئەوەی ژیانی کەسانی تر بخەیتە مەترسییەوە.
- هەڵگرتنی چەکی قەدەغەکراو لە شوێنی نیشتەجێبوونی ماڵ/تایبەت، بەشی 46، یاسای چەکە هێرشبەرەکانی 2019.
- دابینکردن یان فرۆشتنی چەک بە نایاسایی.
- هەڵگرتنی هۆکاری شەڕکردنی قەدەغەکراو وەک چەکی ئۆتۆماتیکی، چەقۆ یان مادده داخورێنەرەکان.

## سزاکان

ئەگەر کەسێک بە هەڵگرتنی چەکەوە بەبێ مۆڵەتی گونجاو بگیرێت، لەوانەیە ڕووبەڕووی 5 ساڵ زیندان ببێتەوە و لەوانەشە ناچار بێت سزایەکی دارایی گەورە بدات.

ئەگەر چەکی ئاگرین بۆ ئەنجامدانی تاوانێک بەکاربهێنرێت، ئەنجامەکانی دەتوانن زۆر جددی بن، کە ئەگەری هەیە ببێتە هۆی سزای زیندانی هەتاهەتایی. هەڵگرتنی چەکی ئاگرین بە مەبەستی ئەوەی ژیانی کەسێک بخەیتە مەترسییەوە هەروەها دەتوانێت ببێتە هۆی سزای زیندانی هەتاهەتایی.

دابینکردنی چەکی نایاسایی دەتوانێت ببێتە هۆی زیندانیکردنی بێسنوور.

هەڵگرتنی چەکێکی ساختە لە شوێنی گشتیدا دەتوانێت ببێتە هۆی دەستگیرکردن ئەگەر خەڵک بترسێنێت یان ئەگەر بە شێوەیەکی هەڕەشەئامێز بەکاریبهێنیت.

# تەمەنی بەرپرسیارێتی تاوانکاری لە سکۆتلەندا

لە سکۆتلەندا، تەمەنی بەرپرسیارێتی تاوانکاری 12 ساڵە.

ئەمە واتە، منداڵانی خوار تەمەنی 12 ساڵ ناتوانرێت تۆمەتبار بکرێن بە تاوانێک یان دەستگیر بکرێن. ئەگەر منداڵێک، لە کاتێکدا تەمەنی لە ژێر 12 ساڵ بێت، گومانی لێبکرێت کە بووەتە هۆی یان مەترسی دروستکردنی زیانی جددی بۆ کەسێکی تر، هێشتا دەتوانرێت لەلایەن پۆلیس و کاری کۆمەڵایەتییەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت.

پشتیوانی بەردەستە بۆ ئەو منداڵانەی کە ڕەفتارێک نیشان دەدەن کە لەوانەیە زیانبەخش بێت بۆ کەسانی تر.

- منداڵ وەک هەموو مرۆڤێکی خوار تەمەنی 18 ساڵ پێناسە دەکرێت.
- ئەم یاسایە بۆ پاراستنی منداڵان داڕێژراوە لە هەمان کاتدا سەلامەتی هەمووان دەپارێزێت.

## سەرپێچییە یاساییە سێکسییەکان

تاوانێکی سێکسی دەتوانێت ڕووبدات بەبێ گوێدانە ئەوەی چ ڕەگەزێک، جێندەرێک، تەمەنێک یان چ ڕەنگێکی پێستت هەیە. دەکرێت لەلایەن کەسانی نامۆ، هاوڕێیان یان خێزانەوە بێت و دەکرێت لەناو پەیوەندی و/یان هاوسەرگیریدا ڕووبدات. تەمەنی ڕەزامەندی سێکسی لە سکۆتلەندا 16 ساڵە. ڕەزامەندی دەتوانرێت لە هەر کاتێکدا بکشێنرێتەوە.

### لاقەکردن

لاقەکردن کاتێک ڕوودەدات کە کەسێک کەسێکی تر ناچار دەکات یان هەڵیدەخەڵەتێنێت بۆ ئەنجامدانی جووتبوونی سێکسی بەبێ ڕەزامەندی ئەو. ئەمە کاتێکە کە کەسێک بە ئەندامی نێرینە دەچێتە ناو زێ، کۆم یان دەمی کەسێکی ترەوە.

### دەستدرێژی سێکسی

ئەمە ئاماژەیە بۆ هەر دەستلێدانێکی سێکسی نەخوازراو یان بەرکەوتنی جەستەیی. کردەوەی جۆراوجۆر دەگرێتەوە و دەکرێت لەلایەن هەر کەسێکەوە ئەنجام بدرێت، گرنگ نییە ڕەگەز یان جێندەریان چییە.

### ناچارکردنی سێکسی

دژی یاسایە کە کەسێک ناچار بکەیت بەشداری لە چالاکی سێکسیدا بکات ئەگەر نەیانەوێت، بە بەکارهێنانی فشار، هەڕەشە، یان فێڵ. هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە بڵێت نەخێر و گرنگە ڕێز لەوە بگیرێت.

### سەرپێچییە یاساییەکان لەدژی منداڵ

دژی یاسایە هەر جۆرە چالاکییەکی سێکسی لەگەڵ کەسێکدا ئەنجام بدرێت کە تەمەنی لە ژێر 16 ساڵەوەیە.

### مامەڵەی خراپی سێکسی لەسەر بنەمای وێنە

بڵاوکردنەوە یان هەڕەشەکردن بە بڵاوکردنەوەی وێنەی تایبەت بەبێ ڕەزامەندی، دژی یاسایە. ئەم کارە زۆرجار بە " وێنەی ڕووت (پۆرن)ی تۆڵەسەندنەوە" ناودەبرێت.

### چاودێریکردنی نهێنی و پەیوەندی نەشیاو

دژی یاسایە بە نهێنی چاودێری کەسێک بکەیت یان تۆماری بکەیت لە شوێنێکی تایبەتدا بەبێ ڕەزامەندی ئەوان. سەرەڕای ئەوەش، ناردنی نامە یان وێنەی ڕوون و ئاشکرا بەبێ ڕەزامەندی، تاوانە.

## زەوتکردنی سێکسی

زۆرلێکردنی سێکسی یان "زەوتکردنی سێکسی" جۆرە سەرانەسەندنێکی سەرهێڵە.

منداڵان و گەنجان لە هەموو تەمەن، جێندەر و سێکسواڵییەتێک لە سەرانسەری جیهاندا دەکرێنە ئامانج، بە سکۆتلەنداشەوە.

تاوانبارانی پێگەیشتوو، کە زۆرجار لە گروپە تاوانکارییە ڕێکخراوەکانی دەرەوەی وڵاتن، هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی وێنە و/یان ڤیدیۆی ڕووت یان نیمچە ڕووتی کەسێک دەکەن، مەگەر پارەیان پێبدەن یان داواکارییەک جێبەجێ بکەن.

ڕەنگە زەوتکردنی سێکسی لەمانەوە بێت:

- وێنە سێکسییەکان یان نەشیاوەکان کە لە ئۆنلاین بڵاودەکرێنەوە، زۆرجار لەلایەن کەسانێکەوە کە خۆیان وەک کەسێکی تر نیشان دەدەن.
- وێنەکان کە دزراون، لە ڕێگەی هاککردنەوە وەرگیراون، یان بە بەکارهێنانی دروستکەرەکانی زیرەکی دەستکرد یان تەکنەلۆژیای تری گۆڕینی وێنە ساختە کراون.

تاوانبارەکە ڕەنگە داوای پارە، کارتی دیاری یان بیتکۆین بکات. ڕەنگە هەوڵبدەن کەسەکە ناچار بکەن شتێک بکات کە نایەوێت بیکات، وەک پێدانی دەستڕاگەیشتن بە هەژماری بانکییەکەیان یان دابینکردنی وێنە یان ڤیدیۆی سێکسی زیاتر.

https://crimestoppers-uk.org/fearless/professionals/fearless-scotland/sextortion-in-scotland

## نیشانە باوەکانی هەوڵەکانی زەوتکردنی سێکسی لەوانەیە ئەمانە بگرنەوە

- هەوڵدەدەن زۆر بە خێرایی پەیوەندییەکت لەگەڵ دروست بکەن. ڕەنگە دڵباز (عاشقانە) بن، زۆر زوو پێت بڵێن کە حەزیان لێتە، یان داوای وێنە و ڤیدیۆی سێکسی/نەشیاو بکەن. هەندێکیان ڕەنگە سەرەتا وێنەیەکی سێکسی/نەشیاوت بۆ بنێرن.
- فشارت لێدەکەن بۆ ئەنجامدانی شتانێک کە ئاسوودە نیت ئەنجامیان بدەیت. ڕەنگە بەردەوام داوات لێبکەن شتی سێکسی بکەیت کە تۆ ئاسوودە نەبیت وەها بکەیت. هیچ کاتێک گونجاو نییە کەسێک داوات لێبکات شتانێک بکەیت کە ناتەوێت.
- ڕەنگە پێت بڵێن کە هاکیان کردوویت یان دەستیان بە لیستی ناوەکانت گەیشتووە. هەندێک لە سەرانەسێنەکان ڕەنگە پێت بڵێن کە وێنەی شەرمەزارکەر یان زانیارییان لەسەر تۆ لە ئامێرەکەتەوە دەستکەوتووە. ڕەنگە هەڕەشەی بڵاوکردنەوەی ئەم زانیارییانە بکەن تەنها لەکاتێکدا نەبێت کە پارەیان بدرێتێ.

ئەگەر ئەمە بەسەر تۆدا هاتووە، ئەوە هەڵەی تۆ نییە و یارمەتی و پشتیوانی بەردەستە. مەترسە، پۆلیس کەیسەکەت بە جدی وەردەگرێت. بە نهێنی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. پێت ناڵێن بۆ وەهات کرد و وەهات نەکرد.

## ئەگەر تۆ قوربانی زەوتکردنی سێکسیت

پارە مەدە. هەندێک لەو قوربانیانەی کە پارەیان داوە، چیتر هیچ شتێک لەوبارەیەوە نابیستنەوە، هەندێکی تر پارە دەدەن و فشاریان لێدەکرێت بۆ پارەی زیاتر. لە هەندێک حاڵەتدا، تەنانەت کاتێک پارەش دەدرێت، تاوانباران هەر ڤیدیۆکان یان وێنەکان بڵاودەکەنەوە. ئەگەر پارەت بەو کەسە داوە، بیر لەوە بکەرەوە پەیوەندی بە بانکەکەتەوە بکەیت. ڕەنگە نەتوانن ئەو پارانە بگەڕێننەوە کە تۆ ڕێگەت پێداون، بەڵام دەتوانن یارمەتی دەزگاکانی جێبەجێکردنی یاسای بەریتانیا بدەن بۆ ئەوەی باشتر لە هەڕەشەی ئێستا تێبگەن.

چیتر لەگەڵ تاوانباران قسە مەکە، سکرینشۆت (وێنەی لەسەر شاشە گیراو)ی هەر پەیوەندییەک و زانیاری پرۆفایلی تاوانبارەکە بگرە. وەک بەڵگە بیپارێزە.

ڕووداوەکە بە پۆلیس ڕابگەیەنە بە تەلەفونکردن بۆ 101 و بابەتەکە بە وێبسایتی پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا ڕابگەیەنە. ئەگەر تەمەنت لە سەرووی 18 ساڵەوەیە، دەتوانیت بچیتە **Stop NCII** (بەدکرداری وێنەی شوێنی نەشاراوەی لەش بێ ڕەزامەندی) و بە بەکارهێنانی ئامرازێکی خۆڕایی ڕاپۆرتی بکەیت کە یارمەتیدەرە لە دۆزینەوە و سڕینەوەی وێنەکانی شوێنی نەشاراوەی لەش بۆ بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەیان لەسەر ئینتەرنێت. ئەگەر تەمەنت لە ژێر 18 ساڵەوەیە، دەتوانیت بچیتە Report Remove | Childline (چایەڵد لاین| هەوڵدان و سڕینەوە)و بە نهێنی ڕاپۆرتی وێنە و ڤیدیۆ سێکسییەکانی خۆت بدەیت و لە ئینتەرنێت لایانببەیت.

ئەگەر تۆ قوربانی تاوانێکی سێکسی بوویت، دەتوانیت یارمەتی و ئامۆژگاری لەم ئاژانسانەی خوارەوە وەربگریت:

**Rape Crisis Scotland (ناوەندی قەیرانی لاقەکردن لە سکۆتلەندا) - 08088 010 0302**
**Victim Support Scotland (پشتگیری قوربانیانی تاوان لە سکۆتلەند- ڤیکتم سەپۆرت سکۆتلەند) - 0345 603 9213**
**پۆلیسی سکۆتلەندا - 101 (بۆ حاڵەتی نائیمێرجێنسی) 999 (بۆ حاڵەتی ئیمێرجێنسی)**

## ڕاپۆرتدانی سەرپێچییە یاساییە سێکسییەکان

NHS خزمەتگوزارییەکی خۆ-ڕەوانەکردن پێشکەش دەکات کە دەرفەت دەدات بەو کەسانەی تووشی لاقەکردن یان دەستدرێژی سێکسی بوونەتەوە بۆ دەستڕاگەیشتن بە پشتیوانی و خزمەتگوزاری تەندروستی گونجاو. https://www.nhsinform.scot/sarcs

## لەشفرۆشی

لەشفرۆشی وەک کار یان پیشەی ئەنجامدانی پەیوەندی سێکسی سەیر دەکرێت لە بەرامبەر پارە یان هەر سوودێکی تر. هەردوو لایەنی پرۆسەی لەشفرۆشی (فرۆشیار و کڕیار) و ئەو کەسانەی کە بەدوای کڕینی سێکسدا دەگەڕێن، ڕەنگە ڕووبەڕووی دادگاییکردن ببنەوە.

مامەڵەکردن لە شوێنی گشتی: دژی یاسایە کە لە شوێنە گشتییەکاندا داواکاری لەشفرۆشی بکەیت یان بمێنیتەوە بە مەبەستی ئەنجامدانی لەشفرۆشی. نایاساییە لە شوێنێکی گشتیدا لە کەسێک نزیک ببیتەوە جا بە ئۆتۆمبێل بێت یان بە پێ بە مەبەستی کڕینی سێکس.

## چ شتێک نایاساییە؟

**بەڕێوەبردنی شوێنی لەشفرۆشی:** نایاساییە کارپێکردن یان یارمەتیدان لە بەڕێوەبردنی شوێنێک کە لەشفرۆشی تێدا ڕوودەدات.

**گەوادی و قۆستنەوە بۆ مەبەستی خراپ:** تاوانێکی گەورەیە قازانجکردن لە تێوەگلانی کەسێکی تر لە لەشفرۆشیدا یان ناچارکردنی کەسێک بۆ ناو ئەو کارە دژی ویستی خۆی.

## قاچاخچێتی بە مرۆڤەوە

قاچاخچییەکان زۆرجار بەدوای ئەو کەسانەدا دەگەڕێن کە لە بارودۆخێکی لاوازدان و هەڕەشە، درۆ، یان توندوتیژی بەکاردەهێنن بۆ کۆنترۆڵکردنیان. زۆرێک لە قوربانییەکان بە بەڵێنی درۆ فریو دەدرێن بۆ شوێنی جیاواز و پاشان دەقۆزرێنەوە. ئەمە تاوانێکی گەورەیە و هەر کەسێک کە کاری تێکراوە شایەنی ئەوەیە هەست بە سەلامەتی بکات و پشتیوانی وەربگرێت.

کرێکارانی کۆچبەر ڕەنگە لە ڕێگەی پیشەسازییەکانی وەک کشتوکاڵ، کارگەکان، هۆتێلەکان و چێشتخانەکانەوە بقۆزرێنەوە.

بەدوای نیشانەکاندا بگەڕێ:

- ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی بیانی پێکەوە دەژین
- نیشتەجێکان بە بەردەوامی دەگۆڕێن
- لە کاتە نائاساییەکانی ڕۆژ و/یان شەودا دەگوێزرێنەوە
- جوڵەی کرێکارەکان چاودێری دەکرێت و کۆنترۆڵ دەکرێت
- کرێکارەکان ڕەنگە ترساو دەربکەون لە خاوەنکارەکان، پۆلیس یان هەر ئاژانسێکی دەرەکی تر
- کرێکارەکان هیچ ڕۆژێکی پشوو یان کاتی پشوویان نییە
- کرێکارەکان نیشانەکانی دەستدرێژی جەستەیی نیشان دەدەن وەک شینبوونەوە، برین و نیشانەکانی کێشەی پزیشکی چارەسەرنەکراو.
- کرێکارەکان نیشانەکانی بەدخۆراکی، وشکبوونەوە، ماندوێتی و پاکوخاوێنی کەسی خراپ نیشان دەدەن.

## کاری زۆرەملێ

**کارەکەری زۆرەملێی ناوماڵ** جۆرێکە لە کۆیلایەتی سەردەم. ئەمە کاتێکە کە کەسێکی پێگەیشتوو یان منداڵێک ناچار دەکرێت ببێتە کارەکەر یان خزمەتکار.

- بەدوای نیشانەکاندا بگەڕێ:
- کەسەکە بە دەگمەن ڕێگەی پێدەدرێت لە ماڵەوە بچێتە دەرەوە
- شوێنێکی گونجاویان نییە بۆ خەوتن، بۆیە لەسەر زەوی یان قەنەفە دەخەون
- خۆراکێکی خراپیان هەیە
- ڕووبەڕووی دەستدرێژی دەروونی، جەستەیی، سێکسی، هەڕەشە یان دڵڕەقی تر دەبنەوە
- منداڵێک ڕەنگە دەوامکردنی لە قوتابخانە خراپ بێت و کاتی نەبێت بۆ یاریکردن لەگەڵ هاوڕێکانی

# تاوانی ڕق و کینە

تاوانی ڕق بریتییە لە تاوانێک کە دژی کەسێک یان شتومەکێک ئەنجام دەدرێت و پاڵنەرەکەی تووڕەیی یان ڕقە بەرامبەر بە گروپە پارێزراوە دیاریکراوەکان.

لەوانەیە تۆ قوربانی تاوانێکی ڕقبیت ئەگەر باوەڕت وایە کەسێک تۆی کردۆتە ئامانج بەهۆی:

- تەمەن
- کەمئەندامی
- نەژاد، لەنێوانیاندا ڕەنگ، هاوولاتیێتی، ڕەسەنی ئێتنی یان نەژاد)
- ئاین یان باوەڕ
- ئاراستەی سێکسی
- ناسنامەی ڕەگەزگۆڕکێ
- جیاوازی لە تایبەتمەندییە سێکسییەکان (ئینتەرسێکس)

تاوانی ڕق دەتوانێت چەندین شێوەی هەبێت، لەوانە، بەڵام تەنها بەمانە سنووردار نییە:

- کوشتنی بە ئەنقەست
- دەستدرێژی جەستەیی
- زیانگەیاندن بە موڵک و کەلوپەل، بۆ نموونە نووسینی سەر دیواری گشتی، ئاگرخستنەوە، تێکدان
- ڕەفتاری ترسێنەر یان هەڕەشەئامێز، لەوانەش تەلەفونی ناشرین یان ئاماژە
- نامە، بڵاوکراوە، پۆستەری دڵڕەنجێن
- جنێودانی زارەکی یان سوکایەتی، لەوانەش ناووناتۆرەی ناشرین
- گێچەڵپێکردنی سەر ئینتەرنێت
- بێزارکردن

## به تەلەفۆن

**دەتوانیت ڕووداوێک بە پۆلیس ڕابگەیەنیت کە فریاگوزاری نەبێت:**

**فریاگوزاری:** تەلەفۆن بۆ **999** بکە ئەگەر ڕووداوەکە بەردەوامە یان مەترسییەکی دەستبەجێی هەیە

**کاتێك کە کوتوپڕی نەبێت:** تەلەفۆن بۆ **101** بکە بۆ ڕاگەیاندنی ئەو ڕووداوانەی کە حاڵەتی فریاگوزاری نین.

## لەسەر ئینتەرنێت

**فۆرمی ئۆنلاینی پۆلیسی سکۆتلەندا:** لەڕێگەی بەکارهێنانی Hate Crime Reporting Form-ەوە ڕاپۆرتدانێک پێشکەش بکە

## ڕوو بە ڕوو

سەردانکردنی هەر بنکەیەکی پۆلیسی ناوچەکە.

## ناوەندەکانی هەواڵدانی لایەنی سێهەم

بۆ ئەو کەسانەی کە ڕەنگە هەست بە نائاسوودەیی بکەن لە ڕاپۆرتکردنی ڕاستەوخۆ بە پۆلیس، سەنتەرەکانی ڕاپۆرتکردنی لایەنی سێیەم جێگرەوەیەک پێشکەش دەکەن. لیستێکی گشتگیری سەنتەرەکان بەپێی ناوچە لە Police Scotland website بەردەستە.

## دەرمان و مادەی هۆشبەر

بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان دەتوانێت بە شێوەیەکی جددی کاریگەری لەسەر تەندروستیت هەبێت و ڕەنگە ببێتە هۆی مردن. دوو جۆر مادەی هۆشبەر هەن کە بە یاسا کۆنترۆڵکراون: ئەوانەی کە هەمیشە نایاساییین (بۆ نموونە، حەشیش، هێرۆین، ئێکستازی، کۆکاین، هتد) و ئەوانەی کە نایاساییین مەگەر ڕەچەتەیەکی یاسایی لە پزیشکێک یان پزیشکی ددانەوە هەبێت (بۆ نموونە، مۆرفین، مێسادۆن، حەشیش (کانەبیس) پزیشکی، هتد). نایاساییە مادده هۆشبەرە کۆنترۆڵکراوەکانت پێبێت یان مادده هۆشبەرە کۆنترۆڵکراوەکان بە کەسێکی تر بدەیت. ڕەنگە بنێردرێیتە زیندان ئەگەر مادده هۆشبەرەکان دابین بکەیت. نایاساییە خۆت ڕووەکی حەشیش (کانەبیس) بچێنیت یان چاودێری ڕووەکی حەشیشی کەسێکی تر بکەیت. نایاساییە بەشدار بیت لە دروستکردنی مادده هۆشبەرە کۆنترۆڵکراوەکان.

## سپیکردنەوەی پارە

بەکارهێنان یان بەدەستهێنانی پارە لە ڕێگەی چالاکی تاوانکارییەوە نایاساییە و تۆ دادگایی دەکرێیت. تکایە لە بانکێکی ناوخۆیی خۆت تۆمار بکە بۆ پاراستنی هەر پارەیەک کە هەتە و دڵنیابە لەوەی کە پارەکە لە سەرچاوەیەکی ڕاستگۆوە دێت، وەک کارەکەت.

## ساختەکاری (تەزویر)

ساختەکاری کاتێک ڕوودەدات کە کەسێک کەسێکی تر یان ڕێکخراوێک هەڵدەخەڵەتێنێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی نادادپەروەرانە پارە، ماڵ یان شتێکی بەنرخ بەدەستبهێنێت.

## جۆرەکانی ساختەکاری

- **ساختەکاری ناسنامە:** بەکارهێنانی زانیارییە کەسییەکانی کەسێکی تر بۆ وەرگرتنی قەرز یان ئەنجامدانی تاوان
- **فێڵی ئۆنلاین:** ئیمەیڵ، نامە، یان وێبسایتی ساختە کە بەکاردەهێنرێن بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک بۆ پێدانی پارە یان زانیاری
- **ساختەکاری دەستگیرۆیی (بەنەفێت):** درۆکردن بۆ وەرگرتنی هاوکارییەکانی حکومەت کە شایستەیان نیت
- **ساختەکاری دڵنیایی (بیمە):** پێشکەشکردنی داواکاری درۆ بۆ وەرگرتنی پارە
- **ساختەکاری بانکی:** بەکارهێنانی زانیاری کارتی دزراو یان زانیاری درۆ بۆ دەستڕاگەیشتن بە هەژماری کەسێکی تر
- **ساختەکاری بازرگانی:** وەک پسوڵەی ساختە، فێڵی ژمێریاری، یان خراپ بەکارهێنانی پارەی کۆمپانیا

## سزاکان

**سزا:** لە سەدانەوە تا هەزاران پاوەند دەگرێتەوە

**فەرمانی بەخشینەوە بە کۆمەڵگە:** لەوانەش کاری بێبەرامبەر و چاودێری

**گەڕاندنەوەی پارە یان کاڵای دزراو**

**سزای زیندانیکردن:** ساختەکارییە قورسترەکان یان دووبارەبووەکان دەتوانن ببنە هۆی کات بەسەربردن لە زیندانDا (تا 10 ساڵ یان زیاتر لە هەندێک حاڵەتدا).

## تاوانی ئەلیکترۆنی

تاوانباران دەتوانن سوود لە ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای زانیاری وەربگرن. ئێستا زیاتر لە هەر کاتێکی تر گرنگە ڕێگری لە تاوانبارانی ئەلیکترۆنی بکرێت لە دەستڕاگەیشتن بە هەژمارەکانمان، داتاکانمان و ئامێرەکانمان. ئەمە بانکی ئۆنلاین و کڕین، تا ئیمەیڵ و سۆشیال میدیا دەگرێتەوە. فێڵ و ساختەکاری ئەو تاوانەن کە تێیدا فێڵکردن بۆ قازانجی کەسی بەکاردەهێنرێت. بەزۆری بۆ بەدەستهێنانی پارە یان زانیاری کەسی ئەنجام دەدرێت.

بە تێگەیشتن لە پاڵنەر و نیشانەکانی فێڵە جۆراوجۆرەکان، دەتوانیت زانیارییە کەسییەکانت بپارێزیت لە فێڵبازەکان کە زۆرجار لە سنوورە نێودەوڵەتییەکاندا کاردەکەن.

تاوانبارانی پشت ئەم ساختەکارییانە جیاوازی ناکەن؛ ئەوان هەر کەسێک دەکەنە ئامانج و بە تەواوی گوێ بە کاریگەری یان دەرئەنجامەکان نادەن.

بیرت بێت، ئەگەر شتێک ڕاست دەرنەکەوت، ئەوا ڕەنگە ڕاست نەبێت.

**هەر فێڵ و ساختەکارییەک دەبێت بە پۆلیس ڕابگەیەنرێت بە تەلەفۆنکردن بۆ 101.**

## ئیمەیڵەکانی فیشینگ

ئیمەیڵەکانی فیشینگ بۆ ئەوە دروستکراون کە وات لێبکەن کلیک لەسەر لینکێکی جێی متمانە نەکراو بکەیت، پارەیان بخەیتە بەردەست یان زانیاری کەسی هاوبەش بکەیت.

دەکرێت بە پەلە دەربکەون و هەڕەشەیان تێدابێت. هەمیشە زانیارییەکانی پەیوەندییان دووجار بپشکنە و ئاگاداری ژمارە تەلەفون و ئیمەیڵە نەناسراوەکان بە. کلیک لەسەر لینکی ئەو کەسانە مەکە کە نایانناسیت.

نیشانەکان کە دەبێت ئاگاداریان بیت بریتین لە:

- ئیمەیڵەکە ناوی تۆ بەکارناهێنێت، چونکە بەڕاستی نازانن تۆ کێیت
- هەڵەکانی ڕێنووس و ڕێزمان
- وێنە یان دیزاینێک کە ئاشنا دەردەکەوێت بەڵام هەستێکی تەواو ڕاستی نییە

- ناونیشانێکی ئیمەیڵی نائاسایی کە هاوشێوە دەردەکەوێت بەڵام بە تەواوی لەگەڵ ناونیشانی فەرمی کۆمپانیاکەدا ناگونجێت
- هانیان بدات کلیک لەسەر لینکێکی نەناسراو بکەن. ئەگەر دڵنیا نیت، کلیک لەسەر لینکەکە مەکە و ڕاستەوخۆ سەردانی وێبسایتی ڕێکخراوەکە بکە.

دەتوانیت هەر ئیمەیڵێکی گوماناوی بنێریت بۆ report@phishing.gov.uk. ناوەندی نیشتمانی ئاسایشی ئەلیکترۆنی - NCSC.GOV.UK پاشان لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکات.

## یاساکانی پەیوەست بە ئاژەڵ

### یاسای سەگەکان (پاراستنی ئاژەڵ) (هەموارکردن) (سکۆتلەندا) 2021

ئەم یاسایە پاراستنی ئاژەڵ لەسەر زەوی کشتوکاڵی بەهێز دەکات:

- ئەم یاسایە، کە لە 2021-11-05 کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە، نایاسایی دەکات کە سەگەکان زیان بە ئاژەڵە کێڵگەییەکان بگەیەنن یان بیانترسێنن
- یاساکە "ئاژەڵ" بە شێوەیەکی فراوان پێناسە دەکات، لەوانەش ئاژەڵەکانی وەک مەڕ، مانگا، بزن، ئەسپ، بەراز، ئەلپاکا، ئاسک، وشترمرخ (نەعامە) و باڵندە کێوییە جۆراوجۆرەکان.
- بەپێی ئەم یاسایە، ئەگەر سەگێک ئەم ئاژەڵانە ڕاوبنێت یان بێزاریان بکات، کە ببێتە هۆی کێشەی وەک لەبارچوونی بەهۆی فشاری دەروونییەوە، ئەوا بە تاوان دادەنرێت.
- سزاکانی ئەم جۆرە کارانە قورسن، سزای دارایی دەگاتە 40,000 پاوەند یان تا ساڵێک زیندانیکردن. سەرەڕای ئەوەش، تاوانباران ڕەنگە ڕووبەڕووی سنووردارکردن ببنەوە لەسەر خاوەندارێتی سەگ یان چوونە ناو زەوی کشتوکاڵی.
- پۆلیس ئێستا دەسەڵاتی هەیە سەگەکان لە هەر شوێنێکی کێڵگەکەدا دەستبەسەردا بگرێت، نەک تەنها لەو شوێنەی کە ڕووداوەکە تێیدا ڕوویداوە، بۆ کۆکردنەوەی بەڵگە.
- هەروەها دەتوانن پشکنینی ڤێتێرنەری و تاقیکردنەوە بۆ سەگە تێوەگلاوەکان ڕێکبخەن

لە سکۆتلەندا نایاساییە هەندێک جۆری سەگ، لەوانەش سەگی ئێکس ئێڵ بوڵی، لە شوێنە گشتییەکاندا بەبێ دەمامکی دەم و قەید (پەتی بەستنەوە) هەبێت. هەروەها دژی یاسایە فرۆشتن، بەخشین، زاوزێکردن، وازلێهێنان، یان ڕیکلامکردن بۆ ئەم جۆرە سەگە.

لە 2024-07-31ەوە، خاوەندارێتی کردنی سەگی ئێکس ئێڵ بوڵی نایاسایی بوو مەگەر مۆڵەتێکی تایبەتت هەبووبێت، کە تەنها ئەگەر پێش کۆتایی هاتنی وادەکە داواکاریت پێشکەش کردبێت، دەتوانرا بەدەست بهێنرێت. دوای ئەو بەروارە، تەنها ڕێگە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی خاوەندارێتیکردن لە ڕێگەی فەرمانی دادگاوەیە.

**پێداویستییەکان لە کاتی خاوەندارێتیکردنی سەگی ئێکس ئێل بوڵیدا**

- ئەگەر بڕوانامەیەکی بەخشینی یاساییت هەیە (یان هەبووە)، دەبێت:
- سەگەکە لە ناونیشانە تۆمارکراوەکە بهێڵیتەوە (گواستنەوەی کاتی تا 30 ڕۆژ لە ساڵێکدا)
- دەمامکی دەم و قەید لە هەر شوێنێکی گشتیدا، لەوانەش ناو ئۆتۆمبێل
- مایکرۆچیپ، نەزۆککردن و شوێنی پارێزراو لە ماڵەوە
- پاراستنی دڵنیایی (ئینشورانس) ی بەرپرسیارێتی گشتی لایەنی سێهەم
- لەسەر داواکاری، بڕوانامەکەت، بیمەکەت پێشکەش بکە و ڕێگە بدە مایکرۆچیپەکە لە ماوەی 5 ڕۆژدا بخوێنرێتەوە
- سزاکانی پابەندنەبوون: تا 5,000 پاوەند سزای دارایی، تا 6 مانگ زیندانیکردن، یان هەردووکیان

پرسیار و بەدواداچوون: xlbullydogenquiries@gov.scot

# کاربەدەستانی یاسا

## فەرمانبەری پۆلیس

### ڕۆڵی سەرەکی

بۆ پاراستنی سەلامەتی خەڵک، ڕێگریکردن لە تاوان و لێکۆڵینەوە لێی.

### ئەوان بۆ کێ کاردەکەن

پۆلیسی خۆجێیی یان نیشتمانی (بۆ نموونە پۆلیسی سکۆتلەندا)

### مامەڵە لەگەڵ کۆچبەران دەکەن؟

نەخێر – کاری ئەوان نییە. پۆلیس دەتوانێت باری کۆچبەری تۆ بپشکنێت، بەڵام بە شێوەیەکی ڕۆتینی ئەمە ناکات.

### یەکپۆش (جلوبەرگی فەرمی)

جلوبەرگی ڕەشی فەرمی لەگەڵ چاکەتی زەرد (پۆلیسی سکۆتلەندا)، نیشانەی پۆلیس.

### دەتوانیت بە سەلامەتی قسەیان لەگەڵ بکەیت؟

بەڵێ. دەتوانیت بەبێ ترس لەگەڵ پۆلیس قسە بکەیت سەبارەت بە تاوان، سەلامەتی، یان حاڵەتە لەناکاوەکان.

### کەی دەیانبینیت؟

ڕاپۆرتکردنی تاوانەکان، حاڵەتە لەناکاوەکان (بۆ نموونە 999)، نیگەرانییەکانی سەلامەتی، توندوتیژی خێزانی، تاوانی ڕق، هتد.

### ڕێگەیان پێدراوە خەڵک سنورداش بکەنەوە؟

ژمارە پۆلیس خەڵک سنورداش ناکاتەوە یان بڕیار لەسەر باری کۆچبەری نادات

### دەتوانن بێنە ناو ماڵەکەتەوە؟

تەنها بە مۆڵەت، نیگەرانی بۆ سەلامەتی یان فەرمانی دادگا.

## فەرمانبەری کۆچ

**ڕۆڵی سەرەکی**

بۆ جێبەجێکردنی یاساکانی کۆچبەری (بۆ نموونە ڤیزە، داواکاری پەنابەری، سنورداشکردنەوە)

**ئەوان بۆ کێ کاردەکەن**

حکومەتی بەریتانیا – وەزارەتی ناوخۆ (هۆم ئۆفیس) (دەزگای چەسپاندنی یاسای کۆچبەری)

**مامەڵە لەگەڵ کۆچبەران دەکەن؟**

بەڵێ – کاری ئەوانە. ڕەنگە بەڵگەنامەکانی کۆچبەری بپشکنن یان سنورداشکردنەوە ئەنجام بدەن.

**یەکپۆش (جلوبەرگی فەرمی)**

جلوبەرگی مەدەنی یان چاکەتی ڕەش کە لەسەری نووسراوە "دەزگای چەسپاندنی یاسای کۆچبەری".

**دەتوانیت بە سەلامەتی قسەیان لەگەڵ بکەیت؟**

دەتوانیت قسەیان لەگەڵ بکەیت بە پشتیوانی یاسایی ئەگەر داوات لێکرا، بەڵام پێویست ناکات بەبێ ئامۆژگاری قسە بکەیت.

**کەی دەیانبینیت؟**

لە پشکنینی ڤیزە، چاوپێکەوتنی پەنابەری، سەردانی وەزارەتی ناوخۆ، یان پشکنینی سنوور.

**ڕێگەیان پێدراوە خەڵک سنورداش بکەنەوە؟**

بەڵێ. تەنها فەرمانبەرانی کۆچبەری دەتوانن دەست بە سنورداشکردنەوە بکەن یان ئەنجامی بدەن.

**دەتوانن بێنە ناوماڵەکەتەوە؟**

تەنها بە فەرمانی دادگا یان ئەگەر دەسەڵاتی یاسایی تایبەت جێبەجێ بکرێت.

## ئێستا پێویستت بە یارمەتییە؟

**ئەگەر خۆت یان کەسێک کە دەیناسیت لە مەترسیدایە یان پێویستی بە یارمەتی بەپەلەیە تەلەفون بۆ 999 بکە.**

**بۆ ئەو دۆخانەی کە فریاگوزاری نین، تەلەفون بۆ پۆلیسی سکۆتلەندا بکە بە ژمارە 101 یان پەیوەندی بە ڕێکخراوێکی پشتیوانییەوە بکە کە لە خوارەوە بەڕیز نوسراون:**

**Victim Support Scotland**
**(پشتگیری قوربانیانی تاوان لە سکۆتلەند)**
0800 160 1985
www.victimsupport.scot

**Scottish Women's Aid**
**(کۆمەک بۆ ژنان لە سکۆتلەند)**
0800 027 1234
www.womensaid.scot

**Samaritans (ساماریتانەکان)**
116 123
www.samaritans.org

**CHILDLINE (هێڵی منداڵ)**
0800 1111
www.childline.org.uk

**Trafficking Awareness Raising Alliance (TARA) هاوپەیمانی بەرزکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە قاچاخچێتی بە مرۆڤەوە ((TARA**
**(7/24) 0141 276 7724**
www.communitysafetyglasgow.org.uk

**Migrant Help (مایگرەنت هێڵپ)**
ماڵپەڕ: www.migranthelpuk.org
هێڵی پشتیوانی: **0808 8010 503** (7/24)
پشتیوانی قوربانیانی کۆیلایەتی سەردەم و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە دەکات، ئامۆژگاری، خانووی سەلامەت و یارمەتی لەگەڵ کۆچبەری و چاکبوونەوە پێشکەش دەکات.

**National Ugly Mugs (NUM)**
ماڵپەڕ: www.uglymugs.org
پشتیوانی لە چێژفرۆش (لەشفرۆش)ـەکان دەکات بە هاوبەشکردنی هۆشدارییەکان سەبارەت بە کەسانی مەترسیدار و دابینکردنی دەستڕاگەیشتن بە ئامرازەکانی سەلامەتی، سیستەمی ڕاپۆرتکردن و پشتیوانی سۆزداری.

**Rape Crisis Scotland (تەنگژەی لاقەکردن سکۆتلەند)**

ماڵپەڕ: www.rapecrisisscotland.org.uk

هێڵی یارمەتی: 08088 01 03 02 (ڕۆژانە، 6 ئێوارە - 12 بەیانی)

پشتیوانی پێشکەش بە هەر کەسێک دەکات کە کاری تێکراوە بە توندوتیژی سێکسی، لەوانەش ئەوانەی کە تووشی قۆستنەوەی سێکسی بوونەتەوە.

**Scottish Women's Aid (کۆمەک بۆ ژنان لە سکۆتلەند)**

ماڵپەڕ: www.womensaid.scot

پشتیوانی لە ژنان، منداڵان،و گەنجان دەکات کە تووشی توندوتیژی خێزانی بوونەتەوە، لەوانەش ئەوانەی کە لە لەشفرۆشی یان قاچاخچێتی بە مرۆڤەوە تێوەگلاون.

**Guardianship Scotland گاردیانشیپ سکۆتلەند**

ماڵپەڕ: www.aberlour.org.uk/get-help/guardianship-scotland

**ڕێنمایی سەبارەت بە قەرز**

ماڵپەڕ: www.stepchange.org

هێڵی یارمەتی: 0800 138 111

دووشەممە تا هەینی 8ی بەیانی تا 8ی ئێوارە و شەممە 9ی بەیانی تا 2ی پاشنیوەڕۆ

**هێڵی یارمەتی LGBT+ سکۆتلەندا**

ماڵپەڕ: www.lgbthealth.org.uk

ئیمەیڵ: helpline@lgbthealth.org.uk

هێڵی یارمەتی: 08000 464 7000

سێشەممە، چوارشەممە، پێنجشەممە (12-9ی ئێوارە)، یەکشەممە (1-6ی ئێوارە)

**ئامۆژگاری پارە سکۆتلەندا**

ماڵپەڕ: www.moneyadvicescotland.org.uk

ئیمەیڵ: info@moneyadvicescotland.org.uk

**Sextortion زەوتکردنی سێکسی** (ڕاپۆرتدانی لایەنی سێهەم)

ماڵپەڕ: www.crimestoppers-uk.org

www.crimestoppers-uk.org/fearless

هێڵی یارمەتی: **0800 555 111**

**ماڵپەڕەکانی ڕاپۆرتکردنی لایەنی سێیەم**

قوربانیان یان شایەتحاڵان کە هەست بە ئاسوودەیی ناکەن لە پەیوەندیکردنی ڕاستەوخۆ بە پۆلیسەوە، دەتوانن ماڵپەڕێکی ڕاپۆرتکردنی لایەنی سێیەم بەکاربهێنن، کە ڕێگە بە تاکەکان دەدات تاوانەکان یان ڕووداوەکانی ڕق و کینە لە ڕێگەی ڕێکخراوێکی سەربەخۆوە ڕابگەیەنن. زانیاری زیاتر و لیستێکی سەنتەرە پەسەندکراوەکانی ڕاپۆرتکردنی لایەنی سێیەم دەتوانرێت لە **ماڵپەڕی پۆلیسی سکۆتلەندا** ببینرێتەوە: www.scotland.police.uk

**ڕاپۆرتکردنی تاوان 100% بە نهێنی**

Crimestoppers (کرایم ستۆپەرز) ڕێکخراوێکی خێرخوازی سەربەخۆیە کە ڕێگەت پێدەدات زانیاری سەبارەت بە تاوان هاوبەش بکەیت بەبێ ئەوەی هیچ کەسێک بتوانێت ناسنامەت ئاشکرا بکات. ناتوانن ناونیشانی IP، ژمارەی تەلەفون یان هەر زانیارییەکی تری پەیوەندیت بدۆزنەوە.

**دەتوانیت بە شێوەی ئۆنلاین لە [www.crimestoppers-uk.org](www.crimestoppers-uk.org) ڕاپۆرت بدەیت یان بە تەلەفونکردن بۆ 111 555 0800. هەروەها ڕێکخراوە خێرخوازییەکە خزمەتگوزارییەکی فرە-زمان پێشکەش دەکات، واتە دەتوانیت بە تەلەفون یان ئۆنلاین بە زیاتر لە 140 زمان ڕاپۆرت بدەیت، لەگەڵ دابینکردنی وەرگێڕان.**

گەنجان هەروەها دەتوانن ئامۆژگاری وەربگرن و بە نهێنی ڕاپۆرت بدەن لە ڕێگەی خزمەتگوزاری گەنجانی ڕێکخراوە خێرخوازییەکەوە: www.fearless.org یان بە تەلەفونکردن بۆ **0800 555 111**.

**MakeaDifference#**

## بۆ زانیاری زیاتر لەسەر یاسای سکۆتلەندی سەردانی ئێرە بکە:

## [www.nclanarkshire.ac.uk/scotslaw](www.nclanarkshire.ac.uk/scotslaw)

**نکولی لە بەرپرسیارێتی یاسایی**

ئەو زانیاریانەی لەم نامیلکەیەدا هاتوون تەنها وەک ڕێبەرێکی گشتی بەکاردەهێنرێن و لێدوانێکی وردی یاسا نییە. سکۆتلەندا سیستەمی یاسایی سەربەخۆی خۆی هەیە و یاساکان لە سکۆتلەندا زۆرجار لەوانەیە جیاواز بن لە بەشەکانی تری بەریتانیا. ئەگەر پێویستت بە ئامۆژگاری یاسایی بوو، دەبێت هەمیشە پەیوەندی بە پارێزەرێک یان نووسینگەی ڕاوێژکاری هاووڵاتیان (ستیزن ئەدڤایس بیرۆ) لە سکۆتلەندا بکەیت.

تکایە ئاگادار بە: ئەو زانیاریانەی لەم بڵاوکراوەیەدا هاتوون لە کاتی چاپکردندا ڕاست بوون.

New College Lanarkshire 2026 ©

ژمارەی تۆمارکراوی ڕێکخراوی خێرخوازی: SC021206